# بیرەوەریەکانی کچێکی پەیمانگا



نوسینی: شاخەوان عەلی حەمەد

زنجیرە کتێبی نواڵەی نوێ
ژمارە (107) ساڵی 2009

| سەرنووسەر | خاوەنی ئیمتیاز |
| --- | --- |
| ئاری ئاغۆك | هۆشیار نوری لەك |
| 7457776 | 4625169 |

ناوی کتێب : بیرەوەریەکانی کچێکی پەیمانگە
ناوی نووسەر: شاخەوان عەلی حەمەد
بابەت: کورتە رۆمان
پێداچوونەوە: بەختیار رەشید محمد
تایپ : جومعە صدیق
هونەری : رێکان ئەنوەر مەنتك
نەخشەسازی : ن. ع. حەمەد
هەلەگری: هەڵگورد سەعدون
چاپ : یەکەم
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
چاپ : چاپخانەی چوارچرا

لەسەر ئەرکی سەنتەری رۆشنبیری بەهرە
بەچاپ گەیاندراوە

# بەشی یەکەم

نازانم چۆن و لەکوێوە سەرەداوی کولەمەرگی و نەهامەتیەکانی ژیانم بگێڕمەوە؟ من لەوەتەی خۆم ناسیوەو درك بە شتەکانی دەوروبەر دەکەم، دەبینم لە ماڵماندا ئەگەر ڕۆژێ خۆشی و شادی ڕووی تێکردبین، ئەوە لە تەکدا دەیەها دەرد و ئافات بوەتە سەرقافڵەو پێشەنگ ومیوانی هەمیشەییمان.

ئەندامانی خێزانەکەمان، جگە لە مارف و شلێری دایك ، دوو خوشکی گەورەو برایەکی بچووکم هەبوو، باوکم لەو موچەیەی لە دایەردی تاپۆ وەری دەگرت، نیوەی پارەکەی بۆ سەرفسوونی ماڵەوە دەدایە دایکم و نیوەکەی دیکەشی دە تەنگی باخەڵی دەنا.. هەفتانەش شەوێ دوو شەو بەو پارەیە دەچووە نادی و جوان خۆی سەرمەست دەکرد و لە نیوەشەوێکی درەنگ کە دەگەڕایەوە، دەبوو دەرگای حەوشە لەسەر پشت کراوەبێ یا پێوەدرابێ و لە ژوورەوە شیش نەدرابێ، خۆ ئەگەر قەپات بوایە ئەوە دەبوو لە یەکەم دەنگی لەدەرگادان بەپەلە بچین دەرگەی لێ بکەینەوە، وە ئەگینا دەرگاکەی دەدایە بەر شەق و پێلەقە، ئەوجا بەدەست شەقاندنەوە چ جوێنی پیس نەدەدما پێمانی نەداو کەسیش نەیدەوێرا لەڕاستی بکۆخێ یا بڵێ بەری چاوت دوو برۆیە.. سەیرو سەمەرەی باوکم لەوەدا بوو، کاتێك بەیانی ڕۆژی پاشترلەخەو هەڵدەستاو سەرخۆشیەکەی نەدەدما، دەتوت ئەوە قەت ئەو مرۆڤە، ئەو باوکە نیە کە شەوی ڕابردوو بینیومانە، چونکە هێندە بە نەرم و نیانی دەدواو بە ئەدەبەوە قسەی بۆ دەکردین، وامان لێهاتبوو لە هەموو ڕووداوەکانی شەوی ڕابردوو بکەوینە گومان و بەزیندەخەوی تێبگەین.

ناتیی خوشکم پۆلی پێنجەمی زانستی ، ئەوەی لەچواری کشتی و منیش لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێند

باوکم بە کلۆجی خۆ و خەدی دابووە شەراب، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هۆگری خواردنەوەی دەبوو، ئیدی چرونی بۆ نادی، مەکەر تاق ولۆق، دەنە هەموو شەوێ لەوێ بوو، بەمە شیرازەی ماڵمان بەرە بەرە بەرەو تێکچوون ملی دەنا، شلێری دایکم بەردەوام سەرکۆنەی دەکرد و پێی دەوت:

(پیاوەکە نەختێ لەخوا بترسە، ئەمە ئیش نیە تۆ دەیکەی، دەودرە بەو پارە کەمەی دەمیدەیتێ، نازانم چۆن بتوانم پێنج سەر خێزانی پێ بەڕێوە ببەم، منێکی دڵ و دەست کراوە چۆن نەبمە دڵۆپێ ئاو و بەناخی زەویا ڕۆنەچم، کاتێك میوانێکم دێ نەتوانم بە ڕێك وپێکی بەڕێیکەم، ئێ خۆ چاوی خۆم حیز ناکەمەوە، خواردنێکی خراپی لەبەردەم دانێم و پرولێکی پێوەنێم، جەنابیشت ئەوەی بیری لێ نەکەیەوە ماڵ و مناڵە، ئێ ئاخر قیچێ بەزەییت بەم مناڵانە بێتەوە، پێویستیان بە سۆز و بەزەیی و چاودێری تۆیەو دەبێ مەسرەفیان بکێشی، فەرموو هەرسێکیان قوتابین و جلوبەرگی دوو ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەکەنەوە بەریان، ئەگەر تۆ واز لەو قوزەڵقورتە بێنی، قەت ڕۆژمان بەو ڕۆژە ناگا).

باوکم بەم قسانە، تەقەی سەری دەهات، وەکو یەکێ نەبای دیبێ نە بۆران، خۆی لە گوورە نەدەبردو بە نەزاکەتەوە دەیوت:

(مەی لەگەڵ مێشك و دڵ و دەروون و جەستەم ئاوێتە بووە، واز لەهەموتان بێنم، دەسبەرداری مەی نابم، ئەگەر ڕازی باشە، ئەگەرنا فەرموو ئەوە دەرگا لەسەر پشتە، کێوە دەڕۆی بڕۆ، بچۆرەوە ماڵی باوکت، با لەوێ پارووە نانێکت بدەنێ و بەخێوتکەن).

دایکم بەم قسانە هەستی دەکرد ئەوە خەنجەرێکەو لە دڵی دەدا.. ئاهێکی خۆنەکردەی هەڵدەکێشاو قسەکەی لەدەم دەرنیەوە:

(کورە پیاوەکە سەر هەڵبڕەو خوا بناسە..خوا دەتگرێ وا بەسووك وچرووکی باسی ماڵی باوکم دەکەی، ئەوان هێندە لە برسا مردوو نین، ڕووت و ڕەجاڵ نین نەتوانن نانێکم بدەنێ، بەڵام بەڕاستی دەیسەلمێنی کەسێکی هیچ و پووچی و ئەوەی بە مێشکی بۆکەنت دابێ ئەوەیە تەنها پارەت بێتە دەست و پێی بچیتە ئەو بارانە و لە ژەهراوی خەرجکەی).

حاڵ و گوزەرانمان وابوو، جەمێ لە جەمەکان نانمان بەخۆشی نەدەخوارد، بەردەوام قسەیەك لەم و قسەیەك لەو، لەبەر چاوماندا هەموان وەکو سەیری فیلمێکی تراژیدی سینەمایی بکەین، دەتاساین ، خۆمان کروشکەو دەممان بەش دەبۆوە،هەستمان بۆ هەر پیت و ڕەفتار و هەڵسوکەوتێکیان دەگرت.. ئەو باوکەی جاران نەما، ئەو دایك و باوکەی پێشتر سوێندیان بەسەری یەك دخوارد، ئێستا بەچاوی سوکەوە دەڕواننە یەکدی و بەقسەو قسەلۆکی ناشیرین یەکتر دەدوێنن.

لە شەوێکی دڕەنگ و ناوەخت دا، کاتێك باوکم لە نادی گەڕایەوە ، تەقەی لە دەرگا هەڵساند، کە دایکم دەرگای لێکردەوە، لەجیاتی سەلام و کەلام و بێ هیچ هۆیەك، تا گرتی شەقازیلەیەکی خاسی خەواندێ ، کەللەسەری تەزاند، دایکم قیژەی لێ بەرز بۆوە، توند دەستی بە دەموچاویەوە گرت و بەدەم هاوارکردنەوە بەسەریدا نەڕاند:

(هەی بێ ئەخلاقی بێ شەرەف، تۆ هەموو شتێك بی، بەس پیاو نی).

مارفی باوکم ئەوەندە ڕقی بۆوە، پەلاماری داو بە شەق و پێلەقە بەربووە وێزەی.. فاتێ و گەوهەری خوشکم دەستیان کردە گریان و ویستیان بچن دایکم لەبن دەستی دەربێنن، کەچی ئەوانیش سەرو مستی مزریان خوارد، ناچارمان لەو دوورە بودەستێ و فرمێسکی پڕ کلۆڵی بڕێژن.

گەوهەر بەدەم هەنسکدانەوە دەنگی لە باوکم بەرزکردەوە:

(ئێ باوکە ئەوە چیت لێ قەوماوە؟! باوك چۆن دەبێ وابێ، دەڵێی شێت بوویتی).

باوکم بە گوێبیستبوونی (دەڵێی شێت بوویتی) بەری چاوی تاریك داهات، بە ڕقەوە تەماشایەکی کرد و وتی:

(هەمووتان لەدایکتان دەچن، بەموو لێتان لانەداوە).

بە هەنگاوانێکی سست و لەسەرخۆوە بەرەو تاقی پەنجەرەکە ڕۆیی، جانتاکەی گەوهەر و فاتێی هێنا و چوو لە ناوەڕاستی حەوشەکەی دانا و بە چەرخەکەی بەرباخەڵی و بە بەر چاویانەوە ئاگری لە هەردوو جانتاکەو کتێبەکانی ناوی بەرداو بە مۆنیەکەوە سەیری هەرسێکمانی کرد و بەدەستی هەڕەشە و گوڕەشەوە:

(جوان گوێ بگرن، ئەمە بووە بڕیار، لە سبەینێوە چوونە دەرەوە قەدەغەیەو هیچتان ناچنە قوتابخانە).

✻ ✻ ✻

# بەشی دووەم

گەوهەر وفاتێی خوشکم لە تاو ڕق و توورەیی و زلەکەی باوکم، ئەیانزانیا هەنگاوێك چیە بێنە پێش، هەرنا لێ نەگەڕێن ئەوەندە دەفتەر وکتێبەکەیاوە، بسوتێ.

ترس وبیم سەراپای لەشی ئابلۆقە دابووم، بەدەم دەنگێکی نزمی پڕ میهرو بەزەیی و سەرو سیمایەکی زەرد هەڵگەڕاوەوە وتم: (بابە گیان، کەمێ ئارامت بێ، نەختێ لەسەرخۆبە، تۆ لەگەڵ دایکم بەشەڕ دێی، گوناهی ئەو کچانە چیە؟!).

باوکم بە توورەیی خۆی هاوێشتە سەر کەردوێتەی نێو حەوشەکەو چاوی لێ زەق کردمەوە: (تۆش لەمانە باشتر نابی و خوات بەقوربانی ئەوەکا جانتاکەت لە بەردەست نەبوو،ئەگینا ئەوەی تۆشم بەدەردی دەفتەرو کتێبەکانی ئەوان دەبردو دەمسوتاند..هاااا،نەلێی بابم ئاگای لێم نیە، لە ئێستاوە تۆش دەبێ وریای خۆتبی، هەر بزانمەوە سەرەتاتکێ لەگەڵ کوڕی خەڵکی دەکەی، یا پێت بەخواری دادەنێی، لە مەکتەبت دەردێنم.. تێگەیشتی؟!). کە دەستی ڕاستی نایە سەرچاوی ،بەقێزەوە: (دەی بێزارم مەکەن، بۆ ژووردەوە ملی خۆتان بشکێنن).

من بەپەلەپروزێ بەرەو ژووری نوستن و ئەوانیش بەدوامەوە هەیپێیان لێ کرد. گەوهەرو فاتێ ئەو شەوە تا دردنگی وەخت گریان و دەستیان بە فرمێسك ڕشتن کرد، بە جۆرێ تا ئەو کاتەی خەوتن هەر هەنسکیان دەداو دوای خەوتنش هەنسك لێیان جوێ نەبۆوە.

بەم سەرەتا ناخۆشە پێم نایە قۆناغ و ژیانێکی دیکە، ئەویش چاوی خۆم ببەستم بەرامبەر ترسێ، ترسی دەرکردن لە قوتابخانە..بۆیە ناچارمام هەموو شەقاوێ بە وریایی بنێم و هەموو مامەڵەیەکەم لە هەڵس وکەوت ودانیشتنی خۆدا بگۆڕم، ئەگەر پێشوو بەدەم ڕۆیشتنەوە بەرەو قوتابخانە نوکتەیەکم بۆ هاوڕێکانم دەگێڕایەوەو پێدەکەنین و بە قسەکانیان پێدەکەنیم وچاوم بە شێوەیەکی ئاسایی بەملاو بەولا دەگێڕا، هەموو ئەوانەم بەجارێ لە خۆ داتەکاند، گەلێ جار دەستە خوشکەکانم گلەییان دەکرد: (کچێ ئەوە چیت لێ قەوماوە، هیچ بووە؟! دەڵێی کەشتیەکەت نقومی ژێر دەریا بووە، بۆچی لە ڕۆیشتندا نوکتەیەکمان بۆ ناگێڕیەوە و بە قسەکانمان پێ ناکەی، تو خوا لێمانی مەشاردەوە، شتێ بوودو نایزانین؟!).

بەدەم بزەیەکی دەستکرددەوە سەرم بۆ دەلەقاندن: (نا، هیچ شتێکی ئەوتۆ نیە). پۆلی سێیەمم تەواو کرد، پێم نایە پۆلی چوارەم ، پێش کۆتایی هاتنی ئەو ساڵە بە دوو مانگ، دوو گەنج ڕۆژ نەبوو پێکەوە نەکەونە دوام و ئێستاش لە ترسی باوکم نەموێرا سەر هەڵبڕم، هەر نا بزانم کێن و بۆچی دوام دەکەون، بۆیە لە ڕۆیشتندا هەر پێیەکم دەکردە دوو پێ، تا هەرچی زووە بگەمە قوتابخانەو لە تیرو توانجیان ڕزگارمبێ..شەوانە خۆم دەنایە ژێر بەتانیەوە، بەدەست خۆم نەبوو، بیرم لەم ڕووداوە کتوپڕە دەکردەوە، کە ڕۆژ نەبوو دووبارە نەبێتەوە، زۆر جار لە فکران ڕادەچووم: (ئاااای بە ڕاستی کوڕی ئەم زەمانە بێ حەیاو بێ شەرمن، نە شەرم لەخۆیان دەکەن و نەهیچێ، فەرموو قەت بوودو قەت کراوە، دوو کوڕ کچێکیان خۆش بوێ وئەویش نەزانێ چ تەرحە کوڕێکن؟!..سەیرە ئەوان چ قسەیەکی قۆڕ هەیە لە ڕێگای قوتابخانە بەمنی دەدەن، یەك دەڵێ : ئای لەو ڕۆیشتنە جوانە..بنۆڕێ بنۆڕێ، چەند بەناز دەلەنگێ، بەڕاستی ڕۆیشتن هەبێ هەر لە خۆی دەوەشێتەوە..ئەویتر درێژەی پێ دەدا: هەی لەمنت نەکەوێ ئەی بۆ باسی قەت و باڵای لاولاوی ناکەی، جوانیەکەی لەولاوە بودستێ، شەنگە بی خۆیەتی).

خەمی دەرکردن لە قوتابخانە وای لێ کردبووم نەوێرم بەرپەرچیان بدەمەوەو سەروو دوو تفیان بکەمە چاو، پێیان بڵێم : (هەی زۆڵی سەگسارینە، ئێوە چین ڕێم پێ دەگرن و ئەو تالیق وتالیقکاریەتان لە چییە؟) . دەڵێن ترس کێشەیەکی گەورەیە بۆ زۆر لەو شتانەی دروست دەبن، بەڵام ناچارم ،دەترسم قسەیەك لەمن و دووان لەوان، بابم بەمە بزانێتەوە، نیدی چ پاساو نەمێنێتەوە، سەرەنجام لە قوتابخانەم دەرکا..مرۆڤ چەنێ بە

ئارام بێ کەچی بەدەست خۆی نیە، شت بێ تام بوو، ناچارە ئەو کەف وکوڵ و ڕق وکینەی لە دەروونیدا هەڵیدەگرێ ، بەجارێ دایبمرکێنێتەوە. ئەو دوو کوڕە نازانم چ شتێ وای لێکردن پرتاو دەستبەرداری یەکبن، ئەو شتە چیە؟ نازانم. بەیانیەکیان لەسەری کۆڵانەکەوە دەرکەوتم، تێڕوانینێکی خێرای پێش دەم و ئەو دەورووبەردم دا، وەك دەنۆڕم ئەوە یەکێکیان لە لایەك و ئەوی تر بە دووری پەنجا شەست مەترێ دوور لەوی تر وەستاوە، کاتێ لە یەکەمیان نزیك بوومەوە، بە دەم زەردەیەکی گەشەوە پێی وتم : (بەیانیت باش گوڵەکەم). خۆم لە گووڕە نەبرد : لەرزیشتنی خۆدا بەردەوام بووم، تا گەیشتمە ڕاست ئەوی تریان، ئەویش بە هەمان شێوە : (بەیانیت باش گوڵەکەم). دەتوت مێشیشم مێوان نیە، حیسابم بۆ ئەویش نەکرد، تاوەکو ڕۆژی پاشتر ئەو کوڕەی پێشەوە هاتە پێشم و ڕێی پێگرتم: ( بەیانیت باش گوڵە سوور). بە تووڕەییەوە چاوم بڕییە چاوی وپێی هەڵشاخام: (کوڕە خۆت بێحەیا مەکە، لەسەر ڕێم لاچۆ، تا حەیاو حەوسەتم نەبردووی).

بە گوڕتر کەوتە قسە: (ئاخر خۆشم دەوێی، دڵم ئەهوەن کەوە، خوا دڵت ئەهوەنکاتەوە). خەریك بوو لەداخا بتەقم، ئاهێکی قووڵی پڕ بەسیەکانم هەڵکێشاو تفێکم کردە چاوی: (هەی گەووادی سەگی سەگباب، ئێستا پێشم بەرنەدەی دەقیژێنم و ئەوناوەت لێ پڕ دەکەم).

کوڕەکە بەم قسەیە شڵەژا، ڕەنگی دەم وچاوی بۆ چەند ڕەنگێ گۆڕا، بەشپرزەییەوە پێی هەڵێناو چۆن ئەو ناوەی جێهێشت، جارێکی دی نەمدییەوە.

* * *

# بەشی سێیەم

بەددم ڕۆیشتنە ئاساییەکەی خۆمەوە گەیشتمە ڕاست ئەو کوڕەی تریان کە لە ڕۆخ ر کەناری شۆستەکە، ددستەکانی تێکهەڵکێش کردبوون و ڕەق و تەق وەکو بت وەستابوو.. ددنگە نەساز و گرانەکەی، سەری پێ هەڵبڕیم، تیلە نیگایەکم دایێ، ئەو بەددم بزدیەکی سازگاردوە چاوی تێبڕیم و بێ شەرمانە زمانی گەڕاند:
(دڵەکەم ئەمرکە، چیت ددوێ بۆتی بکەم ، بلێ بمرە ، نالێم نا، دەوەرە کچی باشبە و پەیوەندیم لەگەڵ ببەستە، بەڵێنت پێ دددەم پاکو بێگەردانە خۆشتم بوێ و ناپاکیت دەرهەق نەکەم).هێشتا کەف و کوڵی تووڕەییەکەم دانەمرکابۆوە، چاو ئەبڵەق، تۆپەڵێ تفم لە کەرووم خڕکردەوەو تا گرتم تفێکی خاسم گرتە چاوی و بەددم دڵەکۆتێوە کە لە قسەکردنەکەمدا زمانم تەتەڵەی ددکرد:
(هەی تەردس ، دیارە تۆش نابیە پیاو.. خوام لەو خوایە جارێکی تر بێیە سەر ڕێم و تەشقەڵەم پێ بکەی).
بەرد بەجراب هات،ئێستاش ئەو کوڕە نقەی لێوە نەهات، تەنها سەری بە ملدا شۆڕکردەوەو بە پەلەپرووزێ ئەو ناوەی جێ هێشت.ئەو ڕۆژە تاوەکو تەواوکردنی وانەکانیش دڵم توند بوو، وامدەزانی شتێ لە ناخەوە دەیەوێت بینەقاقام بگرێ و بخنکێنێ، کەلێ ناڕەحەت بووم، ژانەسەرێکی توند هەوزدڵی بۆ هێنام، دنیام لێ هاتەوە بەریەك ، نەمدەزانی چۆن وانەکانم بەڕێکرد و بەشڵەژاوی و شەکەتی جەستەو مێشکێکی ماندوەوە، گەڕامەوە ماڵ.
خۆم کزڕی چەند پارویێ نان و پاشان دوو حەبی ژانەسەرم لەسەر یەك خوارد، دایکم وتی:
(کچم مادام سەرت ژان ددکا، بچووە ژوور:کەی ئەودیو و بۆخۆت ڕاکشێ، بەڵکو نەوە

خرایە خەوت لێکەوێ و کەمێ ژانە سەرەکەت لەسەر لاچێ).
بەدەم وەنەوزەوە چرومە ژوورەکەی ئەودیو ، خۆم فرێدایە سەر دۆشەکەکە:(ئای خرایەکیان ئەمەچی بوو تووشم هات؟! ئەگەر ئەو کوڕە نەعلەتیانە تووڕەیان نەکردمایە،قەت تووشی ئەو ژانەسەرە نەدەهاتم).
تاو ناتاوێ بیرم لەڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە دەکردەوە، جارێ دڵخۆش دەبووم بەوەی توانیم بەکژیاندا بچم و پێیان هەڵشاخێم، وەلێ لەتەک دا خەم و مۆتەکەیەکی قێزەون ئابلۆقەی دڵ و دەروونی دەدام ،لەبەر خۆوە دەمووت:
(کێ نالێ ئەم دوو کوڕە هەردوکیان لەناخەوە منیان خۆشناوێ.. ئاخر چۆن دەبێ دوو کەس منیان خۆشبوێ؟ دەترسم هەموو هەولێکیان بۆ لە خشتەبردنی منبێ ، پێمڕابوێرن.. ئااای منێ لە ژیانم دا خۆشەویستیم نەکردبێ، چوزانم خۆشەویستی چیە؟! وا دامانانا یەکێکیانم لەوی دیکە پتر بەدڵ بوو، چیبکەم؟!).
هەر خۆم وەڵامی خۆمم دەدایەوە:
(دوای چی؟! دوای ئەوەی پڕ جنێویانت کردو سوك و ڕیسوا، تفت کردە چاویان،ئیدی تازە بەتازە دەتەوێ باسی خۆشەویستی بکەی؟! بەڕاستی نەدەبوو توندو تیژ ، بەم چەشنە مامەڵەم لەگەڵیان بکردبایە، دەبوو تێ بگەیشتمایە هەردووکیان بێ ئەندازە منیان خۆش دەوێ، دیارە هەر ئەمەش وایکردووە هەریەکەیان بڕیاری خۆی بدا لە دەلاقەیەکەوە، لە دەرگایەکەوە بێتە ژووری دڵم، وەلێ دوای چی؟! دوای ئەو دڵشکانەی دڵیانت شکاند.. قەت نەدەبوو ئاوا تووڕە ببوومایە، تازە ئەوەی چوو، چوو.. وا باشە لەمەولا بەخۆدا بچمەوە ، بزانم ئەو مەسەلەیە بەکوێ دەگا؟! ئەگەرچی ترسی باوکم لەپێش چاومە ئەگەر بەم حاڵە بزانێ، هەردوو قاچم دەشکێنێ و لە قوتابخانەم دەدێنێ).
ڕۆژی پاشتر وەکو هەر ڕۆژێکی دی، ئەو بەیانیەی تیایدا هەڵسام، بە گرنگی دانێکی زۆرەوە خۆم ڕێکخست و بەرەو دەوام کەوتمە ڕێ.. دڵم جارێ خەبەری پێدەدام لەسەر ڕێگەی خۆم هەمدیسا دەیانبینم و جارێکی دیکەش بەخۆمم دەوت.
(ئەوە دەڵێی چی؟! .. نا..ئەوانە قەت مومکین نیە زاتی ئەوەکەن کەڕەتێکی دی بێنەوە سەر ڕێم و ڕێم پێ بگرن).
بەشێوەیەکی ئاسایی هەنگاومنا.. لەدوورەوە وێنەیەکی خێرای پێش دەمی خۆم و ئەو دەوروبەرەم گرت، هیچیانم نەدی، تەنها ئەوەیان نەبێ ،کە دوای یەکتر ناسین زانیم ناوی شێرکۆیە.. دڵم کەوتە لێدانێکی خێرا، هەستم کرد پێیەکانم بەدوامەوە نایەن.. کاتێ گەیشتمە ئاستی.. چاوێکی بە پەلەی بەملاو بەولا گێڕاو بە شپرزەییەکەوە

نامەیەکی لە باخەڵی دەرێناو بە دەنگێکی پڕ لە زەلیل وپاڕانەوە بۆ ڕاگرتم :
(دەبێ بمبووری ئەو نامەیە دوا هەست و سۆزی منە بۆ تۆ، تکا دەکەم لێمی وەربگری و بیخوێنیەوە).
لەجێوە چاوێکی خێرام دایە ئەو دەوروبەرەو نازانم چ شەیتانێ هاتە بن کلێشەمەوە، بە دەستێکی لەرزۆکەوە نامەکەم لێ ی وەرگرت.. شێرکۆ بەو دیمەنە کۆڵێ کەیفساز بوو.. زۆر بە شێنەیی چاوێکی بە مەغزام تێبڕی ولەپێش چاویدا نامەکەم دڕاند و فڕێم دایە نێو ئەو تەنەکە زبڵەی لە تەنیشتیەوە داندرابوو.. چاوی ئەبلەق بوو، ناوچەوانی گرژ کرد ، بێ ئەوەی هیچ بدرکێنێ، ڕووی وەرچەرخاند، پێی هەڵێناو ئەوناوەی جێهێشت.
لە دەروونەوە بۆی گریام ؛ بەزەییم پێدا هاتەوە:
(ئای چیم لەو بەیەخبارو بەستەزمانە کرد؟! کوڕە چاوی دەردەهات، چیم داوە لێی؟!
کێ دەڵێ بە نیەتی پاکەوە منی خۆش دەوێ؟!).
هەستم بە پەشیمانییەکی زۆر کرد، باری دەروونیم کەمێ لە ڕۆژی پێشوو باشتر بوو..
بیرم بەو باسەوە خەریکما.
دوای تەواوبوونی وانەی پێنجەم، بە دڵتەنگیەکی لەڕادەبەدەر چوومەوە، ئەندێشەم بۆ جیهانێکی دوور هەڵفڕیبوو، لەبەر خۆمەوە دەدوام:
(خۆزگە دڵم نەدەشکاند و نامەکەم لێی نەدەدڕاند.. تازە هیچ ناکرێ، گەر لەدڵیشەوە خۆشمی بوێ، ناتوانم هەستی خۆمی بۆ دەربڕم، دەترسێم وەکو لەزگە پێمەوە بنووسێ، ئە وەختە چیبکەم؟ نەك هەر لەڕێی قوتابخانە، بەڵکو بەردەوام کۆڵانی بەر ماڵمان بەرنادا، ئەو دەمە چ وەڵامی خۆم بدەمەوە؟! واچاکە خوێندنەکەم بکەم، هەرنا دوو ڕۆژی تر دادەمەزرێم، بەمە حاڵ و گوزەرانمان لەوەی هەیە باشتر دەبێ).
لەسەر هەڵبڕینێکدا هەروا ئاسایی چاوێکی ئاساییم دایە ئەو تەنەکە زبڵەی کە نامەکەی شێرکۆم دڕاندو فڕێمدایە ناوی.. پارچەکانم کەوتە بەر دیدەو بێ هیچ گرنگیدانێ، پەنجا مەترێ زیاتر لێی تێپەڕیم، کتوپڕ بیروڕام گۆڕاو پێچەوانە بۆوە:
(دەبێ نامەی دڵداری چۆن بێ ؟ چی تێدانووسرابێت؟ دەبێ لەو نهێنیە بگەم).
ئاوڕێکی پڕتاوی دواوەم دایەوە، جگە لە چەند منالێکی پاچەرەی ئەو گەڕەکە، کەسی تر لە دەرەوە نەبوو.. بەخێرایی چوومە سەر تەنەکە زبڵەکەو هەموو پارچە دڕاوەکانی ناویم کۆکردەوەو خستمە ناو جانتاکەو بە ڕۆیشتنێکی ئاسایی ،گەڕامەوە ماڵ.

❊ ❊ ❊

# بەشی چوارەم

ڕەنگی دەم وچاوم بۆچەند ڕەنگێك گۆڕا.. ترپە ترپی دڵم زۆر بەخێرایی لێی دەداو ترسێكی هومایی گەورەم لێ نیشت، خوایە گیان دەبێ كەس پێی نەزانێ ؟! ئەگەر باوكم بەو بەزمە بزانێ، قورِم بۆ دەگێرێتەوە و حیسابم دەڕوا، ئەو كاتە چ جای داركاریەكی باش و دەرهێنانم لەقوتابخانە، ئەگەر نەشمكوژێ باشە ). زۆر كەڕەت تێن وتاوم دەدایە بەرخۆ، دڵی خۆم بەوە دەدایەوە ( ئەوجا دەمكوژێ چیە ؟!چش ..مرۆڤ یەكجار دەمرێ ).گەوهەر كاتێ منی بەو چەشنە بینی ، حەپەسا، چاوی ئەبلەق بوو ، بەتەوەسەوە لێم هاتە پێش: (خوشكم ئەوەچیت لێقەوماوە، لەپێش چاوم ئاسایی نیت ؟!.بڵێ، بزانم ئەوە بۆ وا ڕەشداگەڕاوی، خۆ هیچ نە بووە؟!) .بەشپرزەییەكەوە خۆم بەلایەكی دیكە برد: (ن ..ن..نا..هیچ نیە ..هـ..هـ..هیچ ..چ ببێ مەگەر دووری ڕێگەو گەرمی خۆرەكە شەكەتی كردووم و ئارەقەی پێرِشتووم ). ئێستاش نەمزانی چۆن خۆم گۆڕی و چۆنیش نانی نیوەڕۆم خوارد، بە ئەسپایی هەڵسام ، چوومەوە ئەوژوورەی لێی دەنوستم .. خوشكەكانم خەریكی خڕكردنەوەی قاپ وقاچاغ و گسك دانی ناندین و هۆڵەكە بوون، بەهێواشی دەرگاكەم لەناوەوە كلۆم دا تاوەكو تەقەیەك ،جیڕەیەك، خشپەیەك لێرەو لەوێ هات ، بەپەلە نامە پارچە پارچەكراوەكە بشارمەوە ... تا ئەوكاتە بەدڵە ڕاوكێوە سەیری ڕووداوەكان دەكەم ...بەدەستی پڕ لەرزەوە زنجیری جانتاكەم كردەوە ، نامە پارچە پارچە كراوەكەم تێدا دەرێناو ئەو تێپە ئاویەی پارەم دەست داێ كە لەسەر پەنجەرەی ژوورەكە داندرابوو، یەكە یەكە پارچەكانم

پێکەوە لکاند و تیپم لێدا ... لەژیانم ئەسە یەکەم نامەیە دەدرێتە دەستم.. کەوتمە خوێندنەوەی دێربەدێری نامەکەو وەکو قوتابیەکی سەرەتایی، نەجارێ ، نەدوان و دە، هێندەم خوێندەوە هەموو ووشەکانیم ئەزبەر کرد.. تێیدا نووسی بووی :

**لەدڵەوە بۆگوڵ.....**

**ئەی ئەو کەسەی رووخسارت لە پەڕەی گوڵ ناسکترو هەستت لەشنەی با فێنکترە... بۆن وبەرامەی ئەشقت وڕی کردووم، بەچەشنێ بیرو هۆشت ئابلوقەی ناخی داوم .. روو دەکەمە هەرکوێیەك ؟ وێنەی جوانی شۆخ و شەنگی تۆم دێتە پێش چاو و لێم جیانابێتەوە ... بزەو خەندە ... رۆیشتنت ، هەموو ئەوشتە جوانانەی ناتوانم لەیەکەم نامەدا وەسفی بکەم، ئەوەندە نەبێ منت شێت و سەرگەردان کردوە و ماوەیەکە نەخەوم خەوە، نەخۆراك و حەوانەوە... هەمیشە لەیادمی و بەغایەلەی تۆوە شەو بەرێ دەکەم، بەئومێدێ دەژێم گەر رازیبوون لەدەمت شکۆفەبکا وادەزانم تازە لەدایك بوومەو پێ دەنێمە قۆناغێکی دیکەی تەمەن ئەویش ئاشنا بوونمە بەو مرۆڤەی وادەزانم خۆشبەختی وکامەرانی لەوەوە هێزو وزەم دەداتێ ... هیواخوازم قبوڵم بکەی تا ئەو رادەی بەقەناعەتەوە دەمناسی و خۆشەویستیت بۆم درووست دەبێ، بێگومانیشم لەوەی کەتەواو منت ناسی، وا بەئاسانی دەست بەردارم نابی و قەبوڵم دەکەی .**

**"چاوەڕوانی وەڵامم ———— شێرکۆ ————.**

ئاهێکی پڕبەسیەکانم هەڵکێشا ... کاتێك گەوهەر دەستی دەگەیەنێتە کێلۆنی دەرگاکە و چەند جارێ دەیهێنێ و دەیبا بیکاتەوە، زانی دەرگاکە داخراوە، چەند جارێ لەسەر یەك لە دەرگاکەیدا...تەواو پەشۆکاوم ،نامەکەم بەخێرایی دەق و نوشت کردو خستمەوە نێوجانتاکەو بەپەلەپروزێ خۆم گەیاندە دەرگاکە و کردمەوە: ( گ..گ..ئەوەتۆی گەوهەر...؟) گەوهەر بەمەکرەوە : (هەی ئۆینباز، دەڵێی شتێکت لەبن سەرە... من گەوهەربم تێتدەگەم ئۆینێکت لەبن سەرەوکەتنێکت کردییە، جائەو کەتنە چیەو چۆنە ؟! نازانم).بەشێنەیی وەڵامم دایەوە : (کەتنی چی خوشکم ؟! من شتی شاراوەم نیە ؟! گەرشتێ لەگۆڕێبێ ، لەدڵمدا نایکەمەگرێ و یەکسەر پێتی دەڵێم). چومەوە سەر جێگەکەم و سەرم بەسەر کتێبی فیزیا داگرت وەك یەکێ بیەوێ وانەکانی بخوێنێ .. وەلێ هەربەچاو لەوشەکانی ناویم دەڕوانی، وەئەگینا لەفکران ڕاچووبووم،پیلانم بۆتۆناغێکی تازە دادەنا، چۆن وەڵامی بدەمەوە؟! ئەو شەوە

تاردختانێکی درەنگ بەیادی (شێرکۆ) و نامەکەی شەوم کردەوە . بەیانی ڕۆژی پاشتر
لەخەو ڕابووم، جیا لەهەر ڕۆژێکی تر گرنگیەکی زیادم بەخۆدا ... پێشتر ئەگەر کاتی
لەبەر ئاوێنەکە بۆ دەقەیەك ،دوو دەقە دەوەستام، ئەو بەیانیە پتر لەشەش حەوت
دەقە خۆم لەبەردەم ئاوێنەکە هێناو بردو سەرم بەملاو بەو لا باداو لەناخەوە خۆمم
دەدواند: (ئاااى کە جوانم ... ئەریوەڵڵا هیچ عەیبم نیە ...هااا ،کچێ پاش تاوێ
درانی دی دەگەیە ڕاست ئەو کوڕەو دڵت پێی دەکرێتەوە، نەکەی ئەوجارە خۆت
شێتکەیت ودڵی بشکێنی .. ئەگەر قسەیەکی کردو شەرمت کرد وەڵامی بدەیتەوە ,
بزەیەکی بۆ بنێیە سەرلێو, دڵنیام بەو بزەیە شاگەشکە دەبێ ). هەر بەپێوە دوو پاروە
نانم بەماست خوارد و بەسەردا چایەکی خەستم هەڵقوڕاند ..کەوتمەڕێ ، ئەندێشەم
بەرەو دونیایەکی دوور، لەشەقەی باڵیدا: (دەی ئێستا دەگەمە لای و چاوم پێی
دەکەوێ ،تەزوویەك ختوکەی گیانم دەداو ئۆخژەنیم پێ دەبەخشێ ). ترپە ترپی دڵم
دەهۆڵ ئاسا دەگەییە بەرگوێ, هەرئەوەتە پێیەکانم بەدواما دەهاتن و لەهۆش خۆ
نەدەچووم ... گەیشتمە ئەو سەری کۆڵانەکە و داغڵ بوومەوە, ئەفسوس( شێرکۆم)
بەرچاو نەکەوت... خەم و مۆتەکە باڵی ڕەشی بەسەر دڵ و دەروونمدا کێشا،
بەخەمساردی چوومە قوتابخانەو ئەو ڕۆژە تاتەواو بوونی دەوام، بیرم لای (شێرکۆ)بوو
: ( ئێ باشە بۆنەهات ؟! عەجەب ! تۆبڵێی لەدڕاندنی ئەو نامەیەدا دەستی لێ
نەشۆریبم و تووڕە بووبێ و نەیەوێ کەڕەتێکی دی بێتەوە سەر ڕێم؟)
بەلەشی شەکەت و بێ پەروادە, گەڕامەوە ماڵ.. دڵم بەنامەکە خۆش بوو ،بەدزییەوە
دەرم دەکردو چەند جارێ دەمخوێندەوە, بەمە دەچوومە دنیایەکی دیکە.
ڕۆژی دووەمم بەهەمان شێوە بەڕێکرد و هیچ هەواڵێکی شێرکۆ نەبوو, دەربکەوێ و
ببینم ..ئەو حاڵەتە تا دوو هەفتە درێژەی کێشا ، بەجۆرێ پەست و نیگەران
بووبووم, ئێوارەیەکیان خۆم بۆنەگیرا, گەلێ گلەیم لەخۆم کردو دەستم کردە گریان.

* * *

# بەشی پێنجەم

گەوهەری خوشكم كاتێ دەرگاكەی خستە سەر گازەرای پشت و نیوەی لەشی هێنایە ژوورەوە كە دەستی چەپەی لەدەرەوە بەكیلۆنەكە گرتبوو، چاوێكی خێرای پێدا گێڕام :تەماشای كردم فرمێسك بەری بینی گرتووم، بەچەشنی بتێكی بێ گیان لەجێوە وەستا؛ وەلێ نەمتوانی بەر لە لێشاوی ڕەشەبای ئەوهەنسكدانە بگرم، هەرچەندە بەپەلەپرووزێ چاوەكانم بەپشتی دەستم سڕیەوە ، نەختێ خۆم هێناو بردە: (گ،گ،...گە..گە .. گەوهەر ئەوتۆی؟).گەوهەر بەهێواشی دەرگاكەی پێوەدا، بەچەند شەقاوێ لێم هاتە پێش ، بێ هەست و خوست لەتەكم دانیشت ، بە حەپەساوی چاوی تێبڕیم. منیش ئەگەر چی لەناخەوە تەواو ڕوخابووم، كەچی تا هەست بەهیچ نەكا، وەكو شەكرۆكەیەك لەنێو دەممبێ، دەمم بەو چەشنە دەجولاند و بەچاوی ئەبلەقەوە :(خوشكم ئەوە چیە؟! خێرە بەم چەشنە سەیرم دەكەیت ؟) .گەو هەر چاوی لێ دانەگرتم، بەبزەیەكەوە هەڵیدایێ : (بێ گومان خێرەبێ ..خوشكم دەڵێی لێمان بوویتەتە منداڵ).

بەهەڵپەیەكەوە لێم پرسی: (بۆژۆ، من گەیشتومەتە ئەو تەمەنە، دەتەوێ بەمنداڵم بچوێنی ؟)

بەزەردەخەنەیەكی گەشەوە وەلاّمی دامەوە : (ئەی ئەگەر منداڵ نەبی، ئەو گریانەت لە پای چی یە؟ فەرموو پێم بڵێ چی بووە؟! شتێ ڕوویداوە و من ئاگام لێی نیە؟ ڕاستم پێ بڵێ ؛ قسەم لێ مەشارەوە)... قوڵپی گریانم بۆ نەگیرا، دەرم پەڕاند ، فرمێسك لەچاوانمدا فواردی بەست : (تۆ ئاگات لەدەردی دڵم نیە تووشی چی

هاتووم؟)

ئەم کوتە نامۆیەم یەکەمجار بوو لەڕووی گەوهەردا دەریببڕم، بەبیستنی سەرسام بوو.

دایە تاتای پێکەنینێکی دەستکردو دەم گەرمانە تێهەڵچوو : (بەڕاستی سەیرە.. دەردی دڵ ...وەی وای... نێ نێ، ئەوە لەکەیەوە ئاشق بوویتی؟!).

گریانەکەم بەگوڕتر کرد، گەوهەر وەکو منالێکی ساوای لەباوەشبێ، سەرمی نایە ئامێزی ، کەوتە دەستهێنان بەسەر پرچە ڕەشە خاوەکەم و دڵی دەدامەوە: (دەی هیچ نیە... تۆ جارێ مەگری، قسەم بۆبکە، ئەگەر شتێ ڕوویداوە بۆمی بگێڕەوە ، ئەگەر نەشترانم یارمەتیت بدەم، دڵنیام بەگێڕانەوەی، دڵ و دەروونت بەرەو ئارامی دەڕوا، دەبەسە، بەس بگری .. گریان دەردت چارە ناکا... دەی بۆم باسبکە... چی بووە؟!چی قەوماوە؟!).

لەناخەوە تا دەهات پتر دەکولام، ئاهێکی پڕ بەسیەکانم هەڵکێشا، خۆم لەئامێزی دەرکرد، بەچاوی پڕ ئەسرینەوە چەند جارێ چاوەکانم هەڵگلۆفت و زمانم گەڕاند:( دەردی من بە تۆ چارە ناکرێ یارمەتیم بدەی، مەگەر بە گێڕانەوەی نەختێ باری دڵ ودەروونم سووك دەبێ... بەکورتیەکەی توشی داوی عیشق هاتووم وکەچی...... ).

هیچی ترم بۆ نەوترا، مت بووم.

گەوهەر وەك بیرو ئەندێشەی بۆ ڕووداوێکی ناخۆشی وەك لەکچێنی کەوتنم ڕۆیشتبێ یا بەناوی حەزلێکردن و خۆشەویستیەوە زگیان پڕکردبم: (خوشکم خۆ هیچیان لێ نەکردووی؟).

وردە وردە گریانەکەم خامۆش بۆوە، تا ڕادەی نەمان ،کە وتم: (کوڕێ بەناوی شێرکۆوە ماوەیەك بەر لەئێستا ڕۆژ نەبوو نەیەتە سەر ڕێم و تیرو توانجم تێ نەگرێ و دوا جار نامەیەکی بۆ ڕاگرتم و منیش لەپێش چاویدا جڕوپڕم کرد، کەچی لەڕێی گەڕانەوەم بۆ ماڵ و هەڵگرتەوەی نامەکە ، کاتێ بە تێپی ئاو پارچەکانم لێکداو کاغەزەکەم خوێندەوە، یەکسەر جەزبی کردم، بەدەست خۆم نیە شتێ لەناخەوە ختوکەم دەدا؛ بیرو مێشکم جەنجاڵ دەکا خۆشم بوێ، خۆشویستنێ چۆن ئەو ڕۆژە شێرکۆ ئەوێ ی جێ هێشت، نزیکەی دوو هەفتەیە ئەوەندەی دەچمە قوتابخانەو لەڕێگەدا چاوەڕێم بیبینم کەچی ئەوساو ئێستا نەمدیبیەوە، نەمزانی چی لێهات؟.. هەست بە تاوانێکی گەورە دەکەم، تاوانێ نەدەبوو دڵیم بشکاندایە).

گەوهەر هەناسەیەکی پڕ تۆخەی هەڵکێشا: (کچەتیم زراوت بردم، ڕەببی خوا زراوت

بیا... ترسام کارەساتێکی گەورەت لێ قەومابێ... ئەو پەیوەندییەت چانیە لەسەردتابە ، شتێکی ئەوتۆ بەیەکی نەبەستانەوەو شتێکتان لەبەینێ، ئەوکاتە چیت دەکرد ؟!... بەهەرحال ئەوەی لەمن قەوما، لەتۆ بقەومایە چیت دەکرد ؟! بەسەرهاتی من زۆر بەسوییە.

خوشکەکەم، باوەڕم پێبکە کوڕی ئەم زەمانە زۆر بێ وەفان، بەکڵۆجێ تا پەیوەندیت لەگەڵ دەبەستن، خۆیان دەکەنە خاك و خۆڵ و هەموو ڕێگەیەك دەگرنە بەر، ئیدی دەستی خۆیان بینی و مرازیان حاسڵ بوو، پێت ڕادەبوێرن، سوك و ڕیسوات دەکەن ، لەهیچ سڵ ناکەنەوە، کاتێکیش ئەقڵیان نەتگرێ ئەوە وەکو گۆڕینی مۆدیلات دەتگۆڕن، دەستت لێ هەڵدەکرن و دەچنە سەر یەکێکی دی، بێ ئەوەی شەرم لەخۆیان بکەن، تۆش بە ڕابردوویەکی پڕ لە شەرمەزاری جێ دێڵێ نەتوانی هیچ بکەی و لە ئاتاریدا دەستەوسانبی، ئەمەش بەو مانایە لێرەو لەوێ خۆیان فش دەکەنەوە گوایە ئاڵانە کچ تلی ئەو بووەو ئەوهاو ئەوهای لەگەڵ کردووەوچەندە، دوو هێندەی دیکەی دەنێتە سەر.. خەڵکی بەوەفا کەمە، وابزانم حەلاوی قوتابی هاوپۆلم دەناسی. ڕۆژێکیان بەیەکەوە بەرەو قوتابخانە دەچووین، وەلی ئامۆزایەکی بەرێکەوت بەرەو ڕوومان هات و لەگەڵ چاك و چۆنی ، بێ هیچ مەبەستێ لە دەرونەوە وتم:

- کێ دەڵێ ئیشی تایبەتیان نیە؟.

بە دووری چەند مەترێ لێیان دوورکەوتمەوە، ئەوان پستە پستێکیان کرد و حەلاو بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە بانگی کردم:

+ کەوهەر، گەوهەر گیان، ئەوە بۆ دوورکەوتیەوە؟ دەوەرە پێش، هیچ ئیشێکی تایبەتی و شاراوەمان نیە.

بە چەند هەنگاوێکی هێمن و لەسەرخۆ لێیان چوومە پێش، چۆن سەرم داگرتبوو سەرم هەڵنەبڕی ، تا حەلاو بەدەست ئیشارەتی بۆ وەلی کرد و زمانی گەڕاند:

+ ئەوە کاك وەلی ئامۆزامە.

سەرم هەڵبڕی و تیلە نیگایەکم دایێ:

- پێخۆشحاڵم بەناسینت.

کە دەستیشی بۆم درێژکرد.

+ ئەوەش گەوهەرخانە، یەکێکە لە دەستەخوشکە هەرە بەڕێز و خۆشەویستەکانم.

وەلی تەماشایەکی بەمەغزای دامێ و بەسەربادانەوە:

- منیش پێخۆشحاڵم بەناسینت.
هەمووەمان کوڕکچ دەممان داچەقاند: ورتەمان لەدەمەوە دەرنەهات، وەکو لەوە زیاتر قسەمان پێ نەبێ بیکەین، وەلی بە هەڵپەیەکەوە تەماشایەکی کردم، بە زەردەیەکەوە ڕووی کردە حەلاو:
- گەر ڕوخسەتبێ.. بە یارمەتیتان.
من تەنها سەرم بادا، وەکو ئاماژەیەك:
+ فەرموو.
حەلاو:
- بەخێرچی.
ئەو بۆ سەردوە هەڵکشا، ئێمەش بەرەو قوتابخانە شۆڕ بووینەوە.. ئەمە سەرەتای یەکتر بینین و یەکدی ناسینی من و وەلی بوو، بۆ ڕۆژی دواتر لە چوونە قوتابخانە بە هەڵکەوت دردنگ چوومە قوتابخانەو کاتێ کتێبەکانم لەناو ڕەحلەدا نا و چوومە دەرەوە: لە سووچێکی نێو گۆڕەپانەکە هەڵوێستەیەکم کرد، حەلاو وەك دەمێ بە دواما عەودالبێ، بە ڕوویەکی خۆش و گەش و کراوەوە بەرەو ڕووم هات، دوای چاك و چۆنی، وتی:
- حەز دەکەم پێکەوە پیاسەیەك بکەین و هەندێ کاری گرنگم پێتە.
چەو ئەبلەق بووم، دەمزانی حەلاو نهێنیەکی لە دەروونداییە، ئەوەی بە خەیاڵم دانەدەهات مەسەلەی وەلی بوو، چەند فەرەیەکمان لەمسەر بۆ ئەوسەر و بەو شێوەیە ئێدا، بێ ئەوەی قسەیەك بکا.. کە درم بەو بێدەنگیەدا:
- حەلاوگیان دەی بڵێ، بزانم چ ئیشێکت پێمە؟.
لە سیماو ڕوخساری شێواویەك بەدی دەکرا، زوو درکم بەوە کرد شتێ هەیە.. بەزمانێکی هەلەق و بەلەقەوە وتی:
- دە... دە... ددز.. دەزانی.. ئـ.. ئـ.. ئەم بەیانیە..وە.. وەلی.. ئەو کوڕە.. ئەو کوڕەی دوێنێ بە یەکتانم ناساند، هاتە ماڵمان، دەتوت ئاگری تێبەربووە.. دەز.. دەزانی بۆچی هاتبوو؟!.
هەردووشانم بۆ سەردوە هەڵتەکاند:
+ چ نان و پیازم لەگەڵی نەخواردوە، چوزانم.
سەری زمانی، لێوی وشکبووی تەڕکرد و دەمگەرمانە:

- کچێ بەڕاست و ڕەوانی لەگەڵت بدوێم، ئەو کوڕە هاتۆتە لام کوایە ئەمشەو لەتاوی تۆ خەوی لەچاو نەکەوتوە.
چاوم زدق بۆوە، دامە قاقای پێکەنین:
+ جا بۆ لەبەر من خەوی لێ نەکەوتوە، وابزانم هیچ شتێ ڕوینەداوە.؟!
- گەوهەر گیان، بەخوای هێشتا تۆ وەلیت باش نەناسیوە، کوڕێکی ڕۆشنبیر، ڕێکوپێك و ئاقڵ و قسەخۆش، مامۆستایەو پەیمانگەی مامۆستایانی تەواو کردوە، بەڵام خۆی دانەمەزراندوە، خۆی دەڵێ ئیشی ئازادم پێ لە مامۆستایی باشترە، بۆیە دوکانی کەمالیاتی سەیارەی داناوەو دەوڵەمەندە.
بە شێنەیی وەڵامم دایەوە:
+ جا ئەو هەموو شتە پیرۆزی خۆی بێ.
کەوتە پیاهەڵدان بە شان و باڵی وەلی:
- گەنجێکی قۆز و کەڵەگەتەی ئەوتۆ، هەموو کچێ ئەو سیفەتانەی بە ئاوات دەخوازێ.
بی پەروا وتم:
+ ئەوجا مەبەستت؟
- کچێ چیت لێ نەشارمەوە، داوای لێ کردوم پێت بڵێم حەز دەکا بەدەر لە پێ ڕابواردن، پەیوەندی خۆشەویستیت لەگەڵ ببەستێ، گەر بەقسەم دەکەی، ئەو هەلە لەکیس خۆت نادەی، جوان بیری لێکەوە، وەك وتم زەرەر ناکەی.
نەختێ سەرم هەڵکڕاند:
+ مەسەلەیەکی وا هێندە سوك و سانا نیە، یەکسە بڕیاری لەسەر بدەم.. با بزانم چۆن دەبێ؟.
ئەو قسانەی حەلاوم لا بووە ماخولیا، گەلێ جار بە هەندم هەڵدەگرت و زۆر جاریش وەك مێشم میوان نەبێ، وامدەزانی گوێبیستی هیچ نەبوومە.. قسە هەیە نەشتەر ئاسا کاری خۆی دەکا، با شتەکە لە سادەییەوەش بێ.
بەشێ لە وەختی خۆم بۆ بیرکردنەوە لەو قسانە کوشت.. سەرسام بوو بووم، دڵەڕاوکێ، ڕارایی باڵی بەسەردا کێشابووم. نەمدەزانی وەلی پەسند بکەم یا ئەوەتە ڕەتی بکەمەوە؟ هەر ئەمەش وایکردبوو ئەو ماوانە هەمیشە مات و مەلوول دیاربم، کەچی سەربار و بنبار ڕۆژێ هێندەی دەگەیشتمە حەلاو، یا ئەو دەهاتە لام، ئەگەر

بۆ چەند خولەکێ یا چرکەیەك بوایە، شەن و کەوێکی لەو بابەتەوە لەگەڵ دەکردم:
- هاااا، گەوهەر گیان بیرت لێ کردەوە؟
+ نەوەڵلا هێشتا بەتەواوی بیرم لێ نەکردۆتەوە.
- ئاخر وەکو وتم کوڕێکی جوان و ڕێك و پێك و بەڕەوشت، وێڕای ڕۆشنبیریەکەی
ئایا گومان دەبەی کەسێ پەیمانگەی مامۆستایانی تەواو کردبێ و بە بەراورد وەکو
بابایەکی سەرجادەی فوول عەشایەر سەیر بکرێ؟
+ ئاخر.
- ئاخر دەرفەت هەموو کات هەڵناکەوێ.. ئەو دەرفەتە لەدەست خۆت مەدەو
بیقۆزەوە.
شەوانە بیرم دێناو دەبرد ، وەلیم دێنایە بەرچاو ، لەتای تەرازووم هەڵدەسەنگاند و قسەکانی حەلاوم ورد دەکردەوە، مێشکم جام بوو بوو کە ئیدی بە قەناعەتەوە بڕیاری ڕازیبوونی لەسەر بدەم.
دوای هەفتەیەك بینەو بەردە وململانێ لەگەڵ دڵ و دەروونی خۆدا ،کانی ناخم تەقاندەوە:
- حەلاو گیان، من بە کوڕە ڕازیم، بەڵام نابێ بزانێ من سووك و سانا دەستەمۆی بوویتم. زۆرم بیرکردەوە، هەموو ڕوویەکیم هەڵسەنگاند، تا گەیشتمە ئەو بڕیارەی بە ئاشکرا هەڵوێستی خۆمی لەبارەوە دەربڕم، حەز دەکەم لەمەڕ ئەو کۆسپ و لەمپەر و ئاستەنگانەی لەم کۆمەڵگایە هەیە، تۆ ببیتە پەیامبەری نێوانمان، بۆیە چەند بە وریایی ڕەفتار بکەین هێشتا کەمە، ڕێگریش نابم ناوە ناوە بە نامەی دیدەنی و دیداری تۆوە ببینێ و یەکدی ببینین و هەست و سۆزی خۆمان دەرهەق بە یەك بگۆڕینەوە، بەڵام دەبێ پەیمانم بدەیتێ ناپاکیم دەرهەق نەکاو دەبێ تۆش ئەو نهێنیە بپارێزی.
کۆڵێ کەیفساز بوو، لە خۆشیا دەمی کەفی کرد و بە زەردەیەکەوە هەڵیدایێ:
+ تەواو.. تەواو.. لەجیاتی ئەو بەڵێنت پێ دەدەم هیچ کارێکی ناڕەواو نادروست ڕووندا و بەم بۆنەوە پیرۆزباییەکی گەرمت ئاراستە دەکەم.
هەر ئەو ڕۆژە دوای ئەوەی وەلی لەو بڕیارە ئاگادار دەکاتەوە.. بەیانی ڕۆژی پاشتر یەکەم نامەی وەلیم بەدەست گەیشت کە حەلاو لەنێو کتێبێکی خۆی دانابوو، لەگەڵ وەرگرتنی کتێبەکە، تا کەس هەست بە هیچ نەکا، بەدزیەوە نامەکەم لێ دەرکرد و خستمە ناو یەکێ لە کتێبەکانم و کتێبەکەم دایەوە دەستی.

کاری تەتەری و نامەگۆڕینەوە: وەکو کاری قاچاغچی وایە، پڕە لە ترس وبیم و مەترسی و هەر نامەیەکیم بەدەست بگەیشتایە، دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵ، لە دەرفەتێکدا بەدزیەوە دەرمدێناو دەمکردەوە.. پاش خوێندنەوەی بۆ چەند جارێ، هەر ئەو شەوە، یا شەوی پاشتر وەڵامیم دەدایەوەو هەر ئەوکاتە تا هیچم لە ماڵەوە لێ نەگیرێ و ئاشکرا نەبم، بە دزیەوە نامەکانم دەدڕاند و دەمکردەنە کونی ئاودەستەوە.

سوننەتی ژیان واهاتووە بیرکردنەوەو لێکداوەمان بۆ شتەکانی دەوروبەر هەریەکەو بەجۆرێ بێ، مەرج نیە هەموو شتەکان لەخاڵێکدا لەخۆمانی کۆبکەینەوە، چونکە مرۆڤی ئەوتۆ هەیە هەزارو یەك قسەی پێ بڵێی و لێیشی بدەیت، خۆی لە گوورە نابا و تەقەی سەری دێ، کەچی هەیە دڵی بە یەك قسە دەشکێ و بە ڕەفتارێکی نامۆ، مرۆڤێکی لەپێش چاو دەکەوێ. خوا بەوە ڕەحمی پێکردم وەلی چەندین جار داوای لێکردم وەکو یادگاریەك، وێنەیەکی خۆمی بدەمێ تا هەمیشە لەیاد و خەیاڵ و بیرو مێشکی دابم، بە داوای لێبوردنەوە نەمتوانی ئەو داوایەی بەجێبێنم و ئەوەشم لەخۆ ڕانەبینی داوای وێنەیەکی خۆی لێبکەم. ئەمەش بەخێر بۆم گەڕایەوە.. پتر لە دوو مانگ، زیاد لە پانزە بیست نامەمان ئاڵوگۆڕ کرد، ئەو ڕۆژانەی پێویست بوایە یەکتر ببینین، قسە لەگەڵ یەك بکەین، وەلی کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەساسی لەبەر دەکرد و هەندێ کتێبی لابەلای پەیداکردبوو دەینایە بن دەستی ڕاستەی و لەتەك حەلاوەوە دەڕۆیشت. منیش لە تەنیشت ئەوەوە هێدی هێدی سێ قۆڵی بەرەو قوتابخانە دەچوین و بەدەم ڕێگەوە قسەی خۆمان دەکرد. ئەفسوس ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد، ڕوویدا.. کاتێ دوا نامەم بەدەست گەیشت، نامەیەکی پڕوپوچی وا، کاتێ خوێندمەوە، تاسام، بەوردی کەوتمە سەرنجدان لە دەستخەتەکەو گومانم برد ڕەنگە ئەو دەستخەتە دەستخەتی ئەو نەبێ، بەڵام کەم و زیاد هەمان دەستخەت بوو کە پێشتر لە نامەکانیدا بۆم دەهات.. چ نامەیەك؟ نوسیبووی:

***لە دڵەوە بۆ ئەو کچەی بەقەد دونیا لەبەرچاوم ڕەش بویتی**

**ئەمە دوانامەیەو چیتر حەزناکەم چارەت ببینم، چونکە دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت تۆ شایستەی ئەوەنیت خۆشم بوێیت و ئەوەی لەم پێناوەدا بۆتی بکەم ڕەنج بەخەسارە.. تکادەکەم لەمەودوا سەرم نەیەشێنی و بزانم وازم لێ ناهێنی لەناو خەڵك حەیا و حەوسەتت دەبەم، دەڵێم گەوهەرم ماچ کردوە، پێم ڕابواردووە جا پێش ئەوەی کار لەکار بترازێ، نە لەتۆ دەنگ و نە لە منیش هەست و خوست، با هەریەکەمان بە کەنار و ڕێی خۆیدا بڕواو بشزانم ورتەت لە دەمەوە دەرچێت، دنیات لێ پڕ دەکەم، ئەوساکە چ دەقەوێ و چی ڕوودەدا، دەبێ باجەکەی بدەیت..*وەلی***

لەگەڵ هەر وشەیەکیدا کەفوکوڵی گریانم زیاتر هەڵساو بەگڕوتین و جۆشەوە کەوتمە
فرمێسک ڕشتن.. زۆرم هەنسکدا،زۆر بۆ بەختی ڕەشی خۆم نووزامەوە.. ئەو شەوە
درێژترین شەو بوو لە ژیانمدا، حەزم دەکرد دونیا بوەستێ و سەراوژوور، کۆتایی بە
هەموو شتێك بێ.. ئاخ و ئۆفم بۆ خۆم هەڵدەکێشا، تاو نا تاوێ سەر لەبەری
نامەکەم شەن و کەو دەکرد و بیرم لەو قسانە دەکردەوە کە تیایدا نوسرابوو، سەیرم
پێدەهات، بۆچی من لەپێش چاوی ڕەش بوویتم؟ خۆ چ هەڵسوکەوتێکی نامۆ و
سەیروسەمەرەم دەرهەقی نەنواندوەو بێ ئەدەبیشم نەك دەرهەق بەو، تەنانەت دەرهەق
بە کەسی تر نەکردوەو نەمهێشتوە بەناوی خۆشەویستیەوە دەستی لەدەستم بکەوێ
،یا ماچم بکا و شتی لەو جۆرە.

"وااای خوایە گیان، چانەبوو، خۆڕاگر و قایم بووم ، خۆم بۆی شل نەکرد.. تۆبە لەوە
تۆبە، هەی بێ ئەخلاقی سەرسەری خوێڕی".

تا بەرە بەری بانگی بەیان خەوم لێنەکەوت ، بڕیارمدا ڕۆژی پاشتر یا هەر کاتێ هاتە
سەر ڕێم و تووشی بووم ، کارێکی وای پێبکەم ، حەفت پشتی مەرگبێ.

ڕۆژی پاشتر کە لەخەو بێداربوومەوە، دەم و دەست و چاوم بە ئاو و سابون جوان
شووشت و بێ ئەوەی بەرچایی بکەم، خۆم گۆڕی .. بەدڵەڕاوکێیەکی زۆرەوە
کاغەزێکم هێناو کەوتمە نوسینی نامەیەکی خراپتر لەو نامەیەی ئەو ناردبووی:

***بۆ/ وەلی بێ حەیاترین کەسی سەر ڕووی زەوی***

**یەکسەر پێدادێم و دەڵێم: ئەگەر بەموو پیاوەتیت لەدڵ دەگەڕا، بەو سوك و چروکیە
بۆمنت نەدەڕوانی و نامەی وات بۆ نەدەنووسیم.. ناچارم بۆ ئاسودەیی دڵ ودەروون و
ناخم کە ئەمشەو تا بەرە بەری بەیان لە حەشمەتا خەو لە چاوم نەکەوتووە،
هێندەت پێدەڵێم تۆ بە زەڕڕە شەرەف و شۆ و شکۆت نیە ، ئەگینائەو وشە
ناشیرینانەت بەخەیاڵ دا نەدەهات، هەر ئەو نامەیەش بەسە تا بۆم دەربکەوێ تۆ
کەسێکی خۆپەرست و نەگریس و بێ حەیایت.. لێرەوە پێتڕادەگەیەنم ئەمە
دوانامەیەو مەمنونیش بیت، پەشیمانی دادت ناداو تازە بیێزم نایە نەك هەر سەیرت
بکەم بەڵکو چلمیشت پێ ناسڕمەوە.. دیسان لێرەوە پێت ڕادەگەیەنم ئەمە
دوانامەیەو بزانم بێیە سەر ڕێم و قسەوقسەڵۆکم بۆ هەڵببەستی، خوایەکەو نابێ
بەدوو، کارێکی وات پێ دەکەم با بەدەواری شڕی نەکردبێ، دەك ڕوورەشی دنیاو
قیامەت بی و حەلاوی ئامۆزاشت لەم ئان و ساتەوە بەر نەفرەتی خواو خۆمی دەکەم
کە منی بەبێ ئەدەبێکی وەکو تۆ ناساند... *گەوهەر***

نامەکەم دەق و نوشت کرد ، لە زەرفێکمناو خستمە نێو دوو تویێی کتێبی کیمیاو بەبێ خولق و خۆیی و بە کۆڵێ خەم و مۆتەکەو خەفەتەوە ماڵەوەم جێهێشت و بەرەو قوتابخانە پێم هەڵێنا.

تا دوو وانەمان خوێند، خۆم لە حەلاو نەگەیاند ، لە وانەی سێیەم بەهۆی نەهاتنی مامۆستای ئینگلیزی کە دایکی وەفاتی کردبوو، داوامان لێکرا بێ دەنگ بچینە گۆڕەپانەکە ...لە سووچێکەوە بە غەمناکی و پەشێوی وەستام ، مەلی ئەندێشەم بەرەو جیهانێکی دوورو هەڵفڕیبوو، تا کتوپڕ لەگەڵ دەنگی:

- گەوهەرگیان ئەوکاتەت باش.

کەلکەڵەی بیرکردنەوەم پچڕا، بە شڵەژاوییەوە تەماشام کرد ئەوە حەلاوە، تیلە نیگایەکی بە مەغزام ئاڕاستەی کردو بە ڕقەوە:

+ فەرموو.. ئیشت هەبوو؟.

بەسەرسامیەوە پرسی:

- گەوهەر گیان لەپێش چاوم ئاسایی نیت؟ خۆ هیچ نەبووە؟.

نامەکەی وەلی و خۆمم لەنێو کتێبەکە دەرکرد و بە پڕتاو بۆم ڕاگرت:

+ فەرموو.. ئەمە بدەرە خزمە بێ ئابڕووەکەت و بزانم لە بارەی منەوە قسەیەک بەخواری بکا و شتم بۆ هەڵببەستێ، من تەنیا تۆ دەناسم و دەزانم چیت بەسەر دێنم.. لێرەوەش پێت دەڵێم لە ئەمڕۆ بەدواوە نە بمناسەو نە دەتناسم.. تێگەیشتی؟.

دەمی وەك تەڵەی تەقیوی لێهات، چاو ئەبلەق ، لەگەڵ ئەوەی بەخێرایی هەردوو نامەکەی خستە نێو ئەو کتێبەی بە دەستیەوەبوو، زمانی هەڵێنا:

- ئاخر.... ئاااا... ئاخر....

قسەکەم لەدەمی قۆستەوەو پیایدا هەڵشاخام:

+ قسە هەزارەو یەکی بەکارە.. من لەو تەرحە کچانە نیم بەسووکی سەیر بکرێم، ئەگەر یەکێك بێ حەیا نەبێ ، قەت بەرامبەرەکەی بەبێ حەیا تێناگا.

بێ ئەوەی دەرفەتی پێ بدەم قسەیەکی تر بکا، ڕووم وەرچەرخاند و پشتم تێیکرد، بەرەو فرۆشگای نێو قوتابخانەکە هەیپێم لێکرد.. وەلێ دەمی بەش بوو بۆوە، وەکو بتێکی بێگیان، چۆن لەجێوە وەستابوو، ورتەی لەدەمەوە دەرنەهات).

* * *

# بەشی شەشەم

شەوی هەینی لەماڵەوە سفرەمان ڕاخستبوو، وردە وردە خەریکی نانخواردنی ئێوارە بووین، لەو سەرو حەدە خەریکبوو دەستمان هەڵدەگرت، باوکم وەکو دووڕو گەوهەری لەنێو قوڵاییەکانی دەریا دۆزیبێتەوە، چاوی دایە گەوهەری خوشکم و بە کەیفسازیەوە:

- کچم سوننەتی ژیان وا هاتووە، ئەگەر کوڕە دەبێ ژن بێنێ ، ئەگەر کچە دەبێ شوو بکا، دیارە هەموو دایك و باوکێ حەزدەکەن، منداڵەکانیان ڕێوشوێنیان خۆشبێ و بەڕێی خۆیاندا بڕۆن، جا زۆران بۆ کەمان نەڵێین، بڕیارە پاش بانگی شێوان، حاجی عوبێد و ژمارەیەك لەکەسوکاری، لەگەڵ مەلا بێنە ئێرە، بۆیە وەك کچێکی ڕێکوپێك و باش سەری باوکت شۆڕنەکەیت وهیچ قسەیەکت لێ نەبیسمەوە ، باشە کچەکەم؟!.

گەوهەر چۆن چاوی بڕیبوە باوکم، چاوی دانەگرت، پڕتاو وەکو کەفوکوڵی ناخی هەڵچێ، دایە پرمەی گریان و فرمێسك لەچاوانیدا فوارەی بەست ،بەدەم هەنسکدانەوە زمانی گەڕاند:

+ بابەگیان دەستم دامێنت.. لەبەرت دەپاڕێمەوە، دەست و پێت ماچ دەکەم، مەمدرە شەریف، مەمفەوتێنە.

باوکم ناوچەوانی تێکنا، بەگرژییەکەوە پێی هەڵشاخا:

- پەککو لەو قسە هەلەق وبەلەقانە.. دیارە ئێمە لێت بێزارین.. ها؟

ئەویش کە لە هەنسکدانەکەی بەردەوامبوو:

+ من نەموتوە لێتان بێزارم، بەڵام ئەو کوڕە پیاو نیەو تەواو... فەرموو ڕازیم، وەرە بمدرە سەگێکی گەڕ پێم باشترە، نەك ببمە ژنی ئەو تەرحە زەلامەی هەموو شتێکە بەس پیاو نیە.. بابەگیان ڕاستە شەفە لە خواردنەوە برادەرتە، وەلێ تۆ دەبوو لە هەموو کەس باشتر ئەوت بناسیایە، بڕۆ گوێ لە قسەی خەڵکی بگرە بزانە کێ هەیە

بە وشەیەك باس لە باشی ئەو کوڕە بکا؟!، شەفە ناتوانێ ژن بەخێوکا، خوێڕییە، بەدڕەوشتە، وای لێ دەگێڕنەوە ئیشی نیە مەگەر گەڕان و سووڕان بەدوای ژنی عالەم، ژن هەیە ئەگەر بەدڕەوشتیش نەبێ، بەدڕەوشتی دەکا.. نازانم یەکێ سەر بە فەرزی خوای دانەگرێ و ئەمەش خوو و خدەیبێ ، شتێکی حاشا هەڵنەگرە ژنیش بێنێ واز لەو ڕەفتارە قێزەونانەی نایەنێ، وا دامانناوازی لەو شتانەش هێنا، ئەوجارە بەرامبەر ژنەکەی دڵ پیس دەبێ ، لە هەموو چرپەو جوولەیەی دەکەوێتە گومان..
من شووی پێناکەم، بەزۆرە، نامەوێ شوو بکەم.
باوکم دەتوت تیژە مارە، لەجێوە ڕوو بووە لینگە نەعلێك و بێڕەحمانە بەربووە وێزەی، بەدەم لێدانەوە:
- دیارە ئاشقت هەیە، حەزت لە کوڕی خەڵکی کردیە و من سەگم بۆت دەوەڕم، هەی سەگبابخێوی هیچ و پووچ.
من و دایکم و فاتێ، بەزۆر گەوهەرمان لەژێر چنگی دەرێنا، بەڕاکێشان بردمانە ژوورەکەی ترو لە ناوەوە دەرگاکەمان شیش دا..
باوکم لە پێش دەرگاکەوە دەینەڕاند:
- کچێ حەیاو ئابڕووم نەبەی، پیاو یەکجار قسە دەکا، بە شەرەفی پیاوی مەرد، ئەگەر هاتن و ببینم لچ هەڵێنی، لاتجمێ بکەی ،بڵێی رازی نیم، ببمە کافرو جوو، وەکو کار سەرت دەبڕم، ئەوجا با خەڵکی لۆمەمکا.
لەژوورێ کەوتینەوە دڵدانەوەی و دایکم بەدەم پاڕانەوە پێی وت:
+ کچم ئەو باوکە مەلعوونەت زۆر بێ دینە، هەموو شتێکی لێ دەوەشێتەوە، بۆیە ئەگەربەقسەی دایکت دەکەی، لە کەلی شەیتان دێیە خوار با تووشی کارەساتێ نەیەیت و بەوای تۆوە حەیامان نەچێ.
منیش کە هەڵمدایێ:
- گەوهەرگیان بابم دەمێکە لە بەرنامەی دایە پەیتا پەیتا پولێکمان پێوەنێ و لەکۆڵ خۆیانکاتەوە، وێڕای هەموو ئەمانە، ناشکرێ کارێ بکەین بۆ داهاتوومان ڕیسوایی لە دوابێ.
باوکم لەو دیودوە هەرمینگە مینگی بوو ، لەهەڕەشەو گوڕەشەکانی نەدەکەوت..
گەوهەر هێندەی لەگەڵیمان ڕیست، دواشت بە نابەدڵی ڕازیبوو:
+ خوا یەکەو نابێ بە دوو ، ئەگەر کوشتنی نەفس نەبوایە لای پەروەردگار، هەر ئێستا قیرۆسیام لەخۆ دەکرد و خۆم دەسووتاند، بەڵام قەیناکە با خاتری ئێوەبێ و

لەبەر ئێرە کارێ ناکەم بەدەستیەوە سەرگەردانبن.
دایکم بەم قسەیە پڕی دایێ ، ئەملاو ئەولای ماچکرد ، بەهێواشی پێی هەڵێنا، شیشەکەی کردەوە، دەرگاکەی خستە سەر گازەرای پشت و منیش بەدوایدا بەرەو لای باوکم ڕۆیشتین.
باوکم تیلە نیگایەکی دایە دایکم و بە پەرۆشەوە پرسی:
- ها، ئەو کچەتیمە چی وت؟! ڕازییە یان سوورە لەسەر بێ ئەقڵی و کەرایەتیەکەی.
دایکم چاوی ئەبلەقی تێبڕی ، ددانی لێ دەچیڕەوە برد و بەکینەوە:
+ ماشەڵڵا کابرایەکی کەللەڕەقی، دەبێ تۆ کەی بێیەوە سەر خۆت و بەخۆتا بچیەوە.. نازانم بۆ کوڕێکی بەدڕەوشت ئەو هەراو هەڵایەی دەوێ ماڵێك لە زواقنێی؟
باوکم دەتوت نەبای دیوە نە بۆران، زۆر بێ بایەخانە:
- ئەو قسانە نانێکی سوتای ناهێنێ، ئەوەی بەلامەوە گرنگە دەبێ ئەو کچە بەشەریف ڕازی بێ ، ئەگەرنا خوێن بەری چاوی گرتووم، قەسابخانەیەك دەخولقێنم، ئنجا چی دەبێ نابێ ،چش.
دایکم ئاهێکی قووڵی پڕ بەسیەکانی هەڵکێشا:
+ با دڵت داکەوێ، ڕازیمان کرد.
ئەفسووس هێشتا بێ منەتی دەفرۆشت:
- چوزانم... ئەگەر ڕازی نەدەبوو..
بانگی شێوانی دا.. دوای چارەگێ، بیست دەقە، لە دەرگای ماڵمان درا، بە
هەڵەداوان دەرگاکەم کردەوە، هەر بابا بوو هاتە ژوورێ.. نە یەك، نە دوو، نە سێ و
دە، بە خودی مەلاوە پانزە کەسم ژمارد.. ژاوە ژاو باڵی بەسەر ماڵمان کێشا، لەڕێو
ڕەسمێکی زۆر سادەو ساکار، گەوهەریان لێ مارەکرد، شەکراو خورایەوە، پاشان ئەو
حەشاماتەی پێکەوە هاتبوون ، لە یەك کاتی دیاریکراودا هەڵسان و گەڕانەوە.
ئەم شەوە یەکێ لە درێژترین شەو ، ناخۆشترین شەوەکان بوو، تا درەنگی وەخت، من
و ئەو دوو خوشکەم، بەیەکەوە گریاین، هەرچەندە من و فاتێ دڵی گەوهەرمان
دەدایەوە بەوەی ڕەنگە ئەو کوڕە وەکو زۆر کەسی دی، دوای ژنهێنان بگۆڕێ، بەڵام
ئەو نەیدەتوانی قەناعەت بەخۆی بێنێ، دەیوت:
- خووی شیری تا پیری.. لە کوێریان پرسی چیت دەوێ، وتی دوو چاوی ساغ، ناتوانم
باوەڕ بەخۆ بێنم ، بکەمە ئەو قەناعەتەی ئەو پیاوە چاکبێ، تازە مادام هات، ئیدی
ترشبێ و تاڵ بێ ناچارم شانی بدەمە بەر و لەگەڵی بگوزەرێم.

یەك دوو ڕۆژ گەوهەریان لە بازاڕ گرداً، ئەویش دەستی لەسەر کامە جلوبەرگ دانا.
دەستی بۆ هەر زێڕ و زەبەنێك درێژ کرد، بۆیان کڕی.
من وڤاتێ لەڕۆژی گواستنەوەیدا بوینە یاوەری، هەر لە بردنی بۆ سالۆن تا مالی زاوا، بەمرو لێی دور نەکەوتینەوە، لەوێش دەمێ دوان لەلای ماینەوە، لەگەل هەلسانی ئەو خەلکەی لەوێ داوەت کرابوون، ئێمەش هەلساین و لەگەل گەوهەردا ئەملاو ئەولای یەکدیمان ماچکرد، وەلێ تا ئەوێشمان جێ هێشت ، ئەو خوشکەمان بزیەك ، زەردەخەنەیەك چیە، نەچوە سەر لێوی کە ئەگەر لەبەر ئەو حەشاماتەی ئەوێ نەبوایە هەرسێکمان باوەشمان لەیەك دەداو هۆن هۆن دەستمان دەکردە گریان، گریان بۆ بە خەسارچوونی گەوهەر و ئەو ڕۆژانەی ئێمەش بۆ داهاتوو چاوەڕێی دەکەین باوکمان بەبێ پرس و بە کەیف و ماشای خۆی بەو دەردەمان بب.
ژیانی گەوهەر تەنها هەفتەیەکی خۆشبوو، بەمە قسەکانی دەقاودەق وادەرچوون و بەزمەکە سەری لێ هەلّدا... ئەو کلۆلّ و داماوە زوو زوو، ناوە ناوە، دەتۆراو دەچۆوە.. ئەو دەمەی بهاتایەتە سەر باس و خواسی شەریف... ئەو فرمێسکانەی لەچاوانی دا دەباری، هەموو خۆشیەکی لەدلّ و دەروون دەتۆراند:
- وااااى داوم بەداوی کێوە بوو؟ ڕۆژ نیە مردنێ بەچاوی خۆم نەبینم.. من دەموت بابەگیان شەفە مالّ و منالّی پێ بەخێو ناکرێ، گالّتەی پێ دەهات.. دەوەرە قەت بوودو قەت کراوە، نە شەوێ ،نە دوان و دە، وەکو دەلّێن پیاو ئەگەر سەگیشی لەمالّ ڕاگرتبێ زوو زوو سەری لێ دەدا بزانێ چۆنە و پێویستی بە چیە؟! ئەویش شەو نیە نیرە شەو نەیێتەوە، چ هاتنەوەیەك؟! ئاگای لە هیچ نیە، مەست و سەرخۆش، بەملاو بەولا دەکەوێ، وا دامانننا ئەو زەقنەبووتەی ژەهرکرد، کەچی جار هەیە بێ ئەوەی هەلّەیەکم دەرهەق کردبێ، بە هەوای هەوەس لێم دێتە پێش و وەکو ئەوەدی گەمەم لەکەلّ بکا، تا دەگرێ زللەیەکی کەللەتەزێنم تێ دەسرەوێنێ، هەندێ کەڕەت دان بەخۆ دەگرم و قروکپی لێ دەکەم، لە دەروونەوە دەلّێم دەی لێی ناگیرێ سەرخۆشە، سەرخۆشیش واتا شێتی، کەسیش لە شێت ناگرێ، هێندە جار وەها دەستم لێ دەوەشێنێ، بەدەست خۆم نیە وایەری مێشکم شۆرت دەکا، ئاوی لێ ناخۆمەوە، چ جنێوی پیس و ندکریس و خراپ هەیە بەخۆی و نەژداد و ئابادی دەدەم.. ماوەیەکە نێربوود قسەیەك ئەقلی ندیکرێ کەس لە کەسوکارم نامێنێ جنێویان بۆ ڕەوانە نەکا.. ئەو کابرایە سەیر بیر دەکاتەوە، یەکێ کافریشی کەوتبێتە بەردەست وای لەکەلّ ناکا، خۆ من کافر نیم.

شەوێکیان لە ماڵی خۆمان بەتانیەکەم بەسەری خۆم دادابوو، هەستم ڕاکرت گەوهەری خوشکم لەگەڵ دایکم دووبەدوو قسەیان دەکرد.. گەوهەر زۆر بە داماوی باسی خۆی و شەفەی بۆ دەگێڕایەوە، دەیوت:

- دایەگیان، نازانم ئەو کابرایە چ بەشەرێکە؟! ماوەیەکە وەکو خەفەتێکی گەورەی هەبێ و من لە ڕاستی دا بارگرانیبم ، شەوانە درەنگ و بەسەرخۆشی دێتەوە، کەچی بە جل و بەرگی بەریەوە، بێ خۆگۆڕین خۆی فڕێ دەداتە سەر جێگەکەو تا بەیانی پڕخە پڕخی ڕۆژە ڕێیەك دەڕوا، منیش هەر ئەوەم بۆ دەمێنێتەوە، هەندێ جار تا درەنگی وەخت تێیرابمێنم و خەم و خەفەتی لێ بخۆم، لەناخەوە پشی بخۆمەوە.. ئەرێ دایە دەبێ ئەو پیاوە دەماری پیاوەتی لەقەلبدابێ؟! بڕواناکەم، عەیبیشە لەڕووت ئەو قسەیە دەکەم، بەدوو هەفتە سێ هەفتە نایەت بەلامەوە، لەگەڵم ناخەوێ، کەچی تەقەی سەری دێ، ئێ خۆ منیش بەشەرم، نەفسم هەیە، سەربار و بنبار ، شتێ ئەقلی نەیگرێ بێ منەتانە، ڕێی ماڵی باوکمم نیشانەداو وەکو سەگ دەڕشێتەوە، زۆر بێ ئەدەبانە دەڵێ: (ئەگەر زۆریش ڕازی نی، فەرموو ئەوە دەرگە لەسەر پشتەو دەتوانی بچیەوە ماڵی باوکت).. ئێ دایەگیان توخوا لەم هەست بریندارکردنە گەورەتر چیە؟! سەیرە وادەزانێ من بە باوانە خوێنی چومەتە لای، یان ئەگەر ئەو پاروە نانێکم نەداتێ، ئەوە من لەماڵی باوکم نان نیە بیخۆم ولەبرسا دەمرم.

دایکم نێڵەنێڵ لە ناخەوە دەکولا، بەلام بەسەر خۆی دانەدەیەناو هەمیشە بۆ خۆڕاگری و ئارامگرتن ئامۆژگاری دەکرد:

+ ڕۆڵە گیان، هیچ ناکرێ تازە ڕیشمان لە ڕیشی ئالاوە، باش دەزانم لە ئەقڵ و بیرکردنەوە بەمرو لە باوکی چەمبەریت لای نەداوە، ئەگەر قسەی دایکت لەگوێ ددکری، ودرە پشت گوێی بخەو هێندە بیری لێ مەکەوەو لەگەڵی بقەتێنەو هەر تۆ باشتربە.. بەڵکو ئەوە خوایە ڕۆژێ دابێ ئەویش هەستی پیاوەتی ببزوێ و بەخۆی دا بچێتەودو دان بە هەڵەکانی دانێ.

گەوهەریش ئاهێکی قووڵی پڕ بە سیەکانی هەڵکێشاو وتی:

- دایە گیان ئایا کەر بچێتە بەغدا دەبێتە هێستر؟ ئەوەی نەبێ لەماڵم، نازانێ بە حالم.. چیبکەین، دەبێ دڵی خۆمان بەو قسانە بدەینەوە.. چار نیە دەبێ شانی بدەمە بەرو لەکوێ پچڕا، لەوێ کرێ ی بدەمەوە.

○ ○ ○

# بەشی حەوتەم

مانگێك و سێ ڕۆژ بەسەر ناردنی یەکەم نامەی شێرکۆ تێپەڕی کە لـەڕێی قوتابخانـە پێیدام و منیش لەبەرچاویدا جڕوپڕم کرد و خستمە ناو تەنەکەی زبڵەوە، کەچـی لـێم بووە ماخولیـاو بەغایەلـەی ئـەودوە ڕۆژم بـەڕێ دەکـرد و شـەو نـەبوو لـە دەرگـای بیرکردنەوەم نەدا، دەمێك دوان بێ هیچ مەبەست و ویستێك دەهاتە بەر دیدەم، ئـەوە بەدەم بزەیەکی گەشەوە تەماشام دەکا، زەردەخەنەی ئۆغژەنیم پێ دەبەخشێ، کەچی بەسەردا خەم و مۆتەکە باڵ بەسەر ئاسۆی بیروهۆشم دەکێشێ:

- ئەمە کەی وەزعە؟! دە وەرە قەت بووەوقەت کراوە دەرفەتت بۆ هەڵکەوێ، لەکیس خۆتی بدەیت؟.. من وای دەبینم پەیوەندی خۆشەویستی ڕەنگە خۆشی بە دڵ و دەرون ببەخشێ، نازانم ئەم قسەیە تا چەند ڕاستە.. بەهـەرحاڵ لەئێـستاوە لـەجیاتی هـەر شتێ، پەژارە ناخم دەخواتەوە، ئاخۆ دوو ڕۆژی تر چ شتێك دەقەومێ؟!

ڕۆژانی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ دەستی پێکرد، لەڕێی چوونم بۆ قوتابخانـەو بـەو کۆڵانەی پێیدا تێدەپەڕیم، ڕۆژ نەبوو چاو گڕ نەدەم، چاو بەملاوبەولا نـەگێڕم، بـەڵکو ئەوە خوایە جارێکی دیکە ئەو کوڕە ببینمەوە، کوڕێك تەنها لەڕێگـەی خوێندنـەوەی نامەیەکی ئاوا تووشی سەرگەردانی کردم.. دەبێ چـی لێهـاتبێ؟ عـەرد قـوتی دا، ئاسمان هەڵیکێشا؟ سەیرم پێدەهات ئاخۆ دەبێماڵیان لەکوێبێ، تۆ بڵێی ماڵیان لەو دەوروبەرە بووبێ و بۆ گەڕەکێکی دیکەیان گواستبێتەوە.

بەم جۆرە ڕامانە، مێشکم ماندو و جەستەم بەرەو بێهێزی ملی دەنا، هەرچـەندە زوو زوو دڵی خۆم بەوە دەدایەوە:

- دەی چی دەبێ؟ خۆ دونیا کاول نابێ و نانم لەسەرساج نەسـوتاوە.. کـەس بـڕانیش نیـە.. بـۆ کـوێ دەچـێ؟ بـچێتە هـەر شـوێنێ، بێـشك دورو نزیـك دەیبینمـەوە،

دەمبینییەوەو ڕێکیش دەکەوێ بە هەر فرۆفێلێکبێ هەست و نەست و سۆزمان دەرهەق بەیەك بگۆڕینەوە.. وا دامانئا ئەوە ببڕای ببڕ چاومان بە یەك نەکەوتەوە، چی دەبێ؟ هیچ، باشتر.

وەلێ ئەو خەیاڵانەم وەکو بڵقی سەر ئاو دەپوکانەوەو ئەوەندەی خۆم بەشتێکەوە سەرقاڵ دەکرد هەر دەمێ دوان بوو، ئیدی بە ئامانی خوای لە ئەندێشەم نەدەدسرایەوە:

- ئای کە بەڵایەکی گەورەیە مرۆڤ خوو بە کەسێکەوە بگرێ لەکاتێکدا ئەو کەسە نە هیچی ئەو بێ و نە جارێ دوان بە یەکەوە قسەیان کردبێ.

بۆ سێ مانگەی هاوین سەرسام مابووم، ترسی باوکم لەلایەك بوەستێ وایکردبوو نەوێرم هێندە بێمە بەر دەرگا، کەچی ئەوەندەی کە بەدزی دەچومە پێش قاپی حەوشە، زۆر نەدەمامەوە.

بە تێپەڕبوونی ئەو ڕۆژانەو بۆ بینینی شێرکۆ دەستم لەخۆ شوشت ناچارمام بتوانم بەم حاڵە هیچ بەهیچ بکەم مەگەر چاوەڕوانی کردنەوەی قوتابخانە بکەم جارێکی دی بیبینم و چاوم پێی بکەوێ لەمەڕ ئەو نامەیەی ناردی و ئەو سەلامەی بۆ یەکەمجار پێی وتم:

- ئەوکاتەت باش گوڵەکەم.

❊ ❊ ❊

ئەو ساڵەی خوێندنم بەسەرکەوتوویی تەواوکرد ، پێم نایە پشووی هاوین.. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئێستاش نانێ لەماڵمان بە ئیسراحەت نەخورا.. گەوهەرزوو زوو دەتۆراو باوکم بە هەڕەشەوگوڕەشەو زەبرو زەنگ و زۆ دەیبردەوە.. سەیرەکەی لەوەدابوو هەر جارێ ئەو خوشکەم بەدەم فینگەفینگ و گریان و فرمێسك ڕشتن دەهاتەوەو پەرێشان و مەزلومیەتی خۆی لەدەست جەور و ستەمی شەریف بۆ دەگێڕایەوە.. باوکم توند پەنجەکانی دەستی دەنوقاند و تین و تاوی دەدایە بەرخۆو ددانی دەچیڕدەوە دەبرد:

+ ئێستا دەزانم چی بەسەر دێنم، چما شەفە بوو بەو پیاوەی کچی من دارکاری بکا و قسەو قسەلۆکی بۆ هەڵببەستێ؟.

بەتووڕەیی ڕووی وەردەچەرخاند و پێی هەڵدێناو دەڕۆیشت، دوای سەعاتێ، سەعاتێ زیاتر کاتێ دەهاتەوە دەتوت نوشتەی لێکراوە و تەلیسمی جادوان کاری تێکردووە،

ناوچەوانی تێکدەنا، بەگرژییەکەوە لە گەوهەر دەچوە پێش و تا دەیگرت تفێکی تێدەگرت و بەسەری دەنەڕاند:
+ تۆ قەت نابیە ژن.. ئێستا بۆم دەرکەوت شەفە لە چت و خۆڕایی و بێ هاتوهۆ وات لێ بەسەر نایەنێ و لێت نادا، دیارە مستەهەقی ئەوەی بە شەق و پێلەقە لێت بدرێ، دەنە قەت بووە ژن قسە لە قسەی پیاو بکا.. دەی خۆت خڕکەوە، دانی ئێوارە دەتبەمەوە، بەڕاستی ئیشوکار و خەم و خەفەتمان هێندە کەمە دەبێ تەنها بەدوای کێشەی تۆ بکەوین، ئەوجارەت دواجارە بتۆرێی، کچێ وا پێم وتی ئەوجارە ناهێڵم پێ بنێیە ئەم ماڵە.. تێگەیشتی؟
گەوهەر نەیدەزانی سەری کاسی بەرەو کام مەنزڵگا هەڵگرێ، بەناوە دڵی بە کەسوکار و باوکی خۆشە داڵدەی بدا، دڵی بداتەوەو پشتی بگرێ، کەچی ئەوە هەموو وەڵامێکیەتی.
من لەجێوە بەو قسانەی باوکم موچڕکەم بە لەش دادەگەڕا، هەستم بە ناڕەحەتیەکی زۆر دەکرد بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ جگەرگۆشەکەی دەکا.. گەوهەر دەم و دەست خۆی کۆدەکردەوەو لە ڕقان چاوەڕوانی باوکی نەدەکرد بێ لەگەڵیاو بیباتەوە، بەدەم فرمێسک ڕشتن و ڕق و بێزاریەکی زۆرەوە ملیدەناو دەڕۆیشتەوە.
شەریف چونکە ناجسن ، ڕووگرژ و قسەی باشی لەدەم دەرنەدەچوو، جگە لەوەی دوو چاوی بەئێمە هەڵنەدەهات، ئێمەش لە ئاستی دا دوورونزیک نەدەچوینە ماڵی و لەبەر ئەو ،سەردانی خوشکی خۆمان تەرك کردبوو.
گەوهەر دوو هەفتەی تەواو نە دەنگی هەبوو، نە ڕەنگ، نەمانزانی هەواڵی لەچیدایە، هەمیشە لەبەرچاومان بوو، بە بیرکردنەوە شەفەمان دهێنایە بەرچاو ئەوە دەستی دار حەیزدرانی لە گەوهەر گرتوەو بەربووەتە وێزەی ، هەمیشە لەسەر نانخواردن، لەچوونە سەر جێگە، زدلیلی گەوهەرمان لەمێشك دەرنەدەچوو.. چەند جار بەدایکمم وت:
+ دایەگیان دەبا پێ بە جەرگی خۆمانەوە بنێین و بچین سەردانێکی گەوهەر بکەین، بزانینئەو ماوەیە بۆ دیار نیە؟! کێ دەڵێ نەخۆش نیە، ئەمەش هەر هیچ، کێ دەڵێ ئەو بێویژدان و بێدینە هەمرو هاتوچۆ و سەردانێکی لێ قەدەغە نەکردووە.
دایکم تاس دەیبردەوە، چاوی دەبڕیە دوورایییەکی نادیار و بێ چاوتروکاندن، وەك شتێك ڕاڤە بکا، پرتاو بەبێ ئەوەی دەنگی گریانی دەرچێ، فرمێسك لە چاوانی دا نوارەی دەبەست.. دایکم زۆری لەدڵدابوو، گەلێ هەوڵی دەدا ئەو خەمانەی لە

دڵیدایه بۆ ئێمەی نەپەڕێنێتەوە،بۆیە بابەتەکەی بەلای دیکە دەبرد:
- دەی خێر دەبێ ئیشەڵڵا، کێ دەڵێ پڕ ئیش نیە؟ بە هەرحاڵ بـا ئـەو چـەند ڕۆژەش بڕوا، هەر دەنگی نەبوو، دەچینە سەردانی، هەرچەندە سوێندم خواردبوو قەت نەچمە ماڵی ئەو گەواد باوکە، بەهەر حاڵ..
ئەو هەفتەیەشمان بەڕێکرد، هەمدیسا دەنگی نەبوو.
بێئەوەی من هیچ لە دایکم دوبارە بکەمەوە، ئەو بە هەڵپەیەکەوە ڕووی تێکردم:
+ کچم خۆت ئامادەکە دەچینە ماڵی شـەریفی بـێ شـەرەف ، بـەڵکو بـۆ دە دەقـە چاردگێکیش بێ چاومان بە گەوهەر بکەوێ ودوای ئەوە یەکسەر دێینەوە.
من بەپەلە خۆم گۆڕی شان بەشانی دایکم بەیەکـەوە بکەوینـەڕێ، هەرکـە دەرگـای حەوشەمان کردەوە، شەریف خۆی کرد بە ماڵمان و بە ڕقەوە وتی:
- کوا گەوهەر.. کوا لەکوێیە؟
دەممان بەش بۆوە، چاو ئەبڵەق بووین.
+ چیییییییییی؟

*** 

## بەشی هەشتەم

شەریف وا گومانی برد بوو، گەوهەری خوشکم هاتۆتە مالّمان ولەمالّمان خۆی حەشارداوە،ئیدی بێ ڕوخسەت خواستن پێی هەلێناو بە شپرزەیی و تووڕەییەکی بێ ئەندازە چووە ناندینەکەو کەوتە چاوگێڕان لەو شوێنانەی گومانی لێ هەبوو، لەوێ بایداوە بەردەم هۆڵی پێشوازی و لەوێشەوە بەرەو گەرماو و پاشان ژووری نوستن، تەنانەت بەجۆرێ دەگەڕا و شوێنەکانی سەح دەکردەوە، دەتوت پۆلیسەو بەدوای قاچاخچی، بەدوای دزرجەردە عەودالە، وەها بن قەرەوێلەکان وەدەپشکنی و بۆفیەو بن نوێن و شرێنەکانی دیکەدەکردەوە ،دواجار هەر زانی هەولەکانی بێ هوودەن، بە هەناسەبڕکێوە چاوی بڕیە چاوم و لەمنەوە تەماشایەکی قووڵی دایکمیدا:

- پێم بلێن ئەو ژنە چووەتەکوێ؟ لەکوێ خۆی شاردۆتەوە، ئێستا پێم دەڵێن باشە،دەنە چی خراپە پێتانی دەکەم.

دایکم حەپەسا، بەم قسانە چاوی زەق بۆوە:

+ کوڕە تۆ بەشەری یا حەیوانی ، تێك نەچوویتی؟ دەزانی دەڵێی چی؟.

شەریف بێ باکانە:

- من کێلمە گێلم نازانم چیە، لێرە ناڕۆم تا گەوهەر نەبەمەوە.

لەو سەرو حەدە باوکم بەژوور کەوت و بە هەڵپەیەکەوە ڕووی تێکردین:

- ئەوە چی بووە؟ چی قەوماوە؟

شەریف ئاهێکی هەلکێشاو کەمێ نەرمی نواند:

+ من هاتوومەتە دوای گەوهەر و ئەوانەش بێ ئەوەی ڕێزی کەس بگرن، نازانن چۆن وەلام دەدەنەوە.

من لە حەشمەتا خەریکبوو بتەقم، هەرخۆم بۆ نەگیرا، بەڕوویدا تەقیمەوەو پیایدا هەلشاخام:

- شەریف سەر هەلبڕەو خوا ببینە، تۆ نە نوسولّت هەیە و نەسیفەتت لە سیفەتی

بەشەر دەکا.. تو خوا ئەوە ڕەفتاربوو نواندت، هاتی بێ پرس و ڕا ئەو ماڵەت سەردو بن کرد، گوایە لەدوای گەوهەر دەگەڕێی و باوەڕ بە قسەی ئێمە ناکەی.لێرەوە پێت دەڵێم تۆ ئەو خوشکەی ئێمەت وەها سەرکۆنەکردوە ئەگەر لە ڕقی تۆ سەری هەڵگرتبێ و هەرچیەکی لێببێ هەمووی لە بن سەری تۆیە وتۆ سەبەبی.

شەریف بەکزۆڵیەوە ڕووی بەلای باوکم وەرچەرخاند:

- فەرموو خۆت حاکمبە.. گوێت لێبوو بێ ئەوەی هیچ بڵێم ،یان قسەیەکی خراپ بکەم ئەوجا بەو قسە ڕەق و نابەجێیانە لەگەڵم دەدوێ.

باوکم شەلم کوێرم نابوێرم، لاگیری لە قسەکانی شەفەی کرد بێ ئەوەی لەم قسەیەکی خێر بکا، هەرنا گەوهەر کچیەتی وپشتمان بگرێ.. دوو شەقاو لەمن هاتەپێش و تا گرتی شەقازیلەیەکی خاسی تێسرەواندم و گوێی تەزاندم ، بەری چاوم تاریك داهات ، لەجێوە لەهۆش خۆ چووم.. دایکم بە پەلە منی نایە کۆشی و بەپەلە فاتێش گلاسێ ئاوی هێناو دایە دەست دایکم، ئەویش بە دەم پرژاندنی ئاوەکەوە بە دەم و چاوم و تەڕکردنی، فرمێسك لە چاوانی دا فوارەی بەستبوو:

+ کچەکەم.. گیانەکەم.. گیانە... ئۆۆۆۆف... ئاااااخ. وااااای لە دەست پیاوی خراپ و بوودەڵە.

وردە وردە هۆشم هاتەوە بەر.. دایکم بە ڕق و کینەوە سەری هەڵبڕی و چاوی بڕییە چاوی باوکم و بێ باکانە:

+ ئەوە ئیشە کردت؟ باهەقت ناگرم کاری لەمە خراپتریش بکەی، چونکە بەردەوام ئەو بێ شەرەفە پارەت بە قەرز دەداتێ ڕەشاوی پێ بخۆیەوە، لە ئاقاری دا سەرت شۆڕە، زاتی ئەوە ناکەی دوو تف بکەیە چاوی و پێی بڵێی بەری چاوت دوو بڕۆیە، دێی کەف و کوڵی خۆت بەسەر ئەو کچە بەستەزمانە دەردەکەی.

شەریف رووی وەرگێڕا، پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە، ڕووی کردە دایکم و وتی:

- من وا زەن دەبەم کچەکەت بەدوو کەوتبێ،وا من ڕۆیشتم، ئێوەش لەمەودوا چۆن وەڵامی خەڵکی دەدەنەوە، وەڵام دەنەوە.

ویستم بەرپەرچی بدەمەوە، دایکم دەمی گرتم و باوکیشم بەساردیەوە پێی وت:

+ ئو قسانە جوان نیە دەیکەی.. کچی من لەو تەرحە کچانە نیە ڕەدوو کەوێ.

کە ڕووی بەلای دایکم سووڕاند:

+ من خەتای گەوهەر ناگرم ، خەتاکە هەمووی لەمەڕ دایکیەتی، ئەگەر ئەو باش بوایە، ئەویش بەرێی ئەودا دەڕۆیشت.

شەریف بێ هیچ قسەو وەڵامێ پێی هەڵێناو لەماڵمان دەرچوو.

دایکم وەکو بەڕووی سەر ئاگر بەڕووی باوکم تەقییەوە:
- کوڕە تۆ کەی هۆشت دێتەوە بەر.. ئەختێ لەخوا بترسە.. وەرە پێم بڵێ من ئەوە بیست و ئسور ساڵە لەلاتم، قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان کەسێکت دی بەخراپ بەپێش دەرگات بڕواو قەت منت دیوە پێ بەخواری دانێم؟.. ناهەقت ناگرم، ئەگەر وەکو ژنی خەڵکی بێ ئابڕو و بێ حەیاو چاو و ئابڕو دەبووم، ئەو قسانەت دەرهەق ئەدەکردم، بەڵام چیبکەم بوومەتە ژنی کێ؟ پیاوێك ئەتوانێ بەرگری لە ماڵ و منداڵی بکات، چ دڵم پێی خۆشبێ و هیچت لێ چاوەڕوان ناکەم.
باوکم هێشتا لەکەڵی شەیتان نەهاتبووە خوار، لەجێوە ڕوو بووە تاکە نەعلێکی ئەوناوەو هورژمی بۆ دایکم هێناو وەرکەڕایە سەری.. لێدەو لێدە تا شلکوت بوو دەستی لێ هەڵنەگرت، ئەوجا نەعلەکەی دەستی فڕێداو بەدەم هەڵکێشانی ئاهێکی قووڵەوە:
- ئەوجارە با لەهێندە بوەستێ ، جارێکی دی دەم هەڵبێنی ، زمانت درێژکەی، زمانت لەبنەوە دەبڕم،بەڕاستی تەواومان کرد، بەس هێندەت ماوە بچیە سەربان و بانگەوازکەی بڵێی من قەحبەم، هەی ناکەس بەچەی هیچ و پوچ.
من و فاتێی خوشکم لە سوچێکەوە باوەشمان لەیەك دابوو، تەنها و تەنها بۆ دایکمان دەگریاین و فرمێسکمان دەڕشت.

❋ ❋ ❋

هەر دوای ئەو ڕووداوە، کەوتینە گەڕان و سووڕان بەدوای گەوهەردا، لێرە بۆ ئەوێ،تا هەواڵمان پێ گەیشت کە هەفتەیەك زیاترە ئەو خوشکەمان چووەتە ماڵی عەزیزی مامم.. کاتێك ئەوهەواڵەمان پێ گەیشت، باوکم تەکانی دایە بەرخۆو یەکڕاست بەرەو ماڵی مامم داغل بۆوە، من و دایکیشم لەترسی ئەوەی نەوەکو شتێکی بەسەربێنێ، هەر پێیەکمان کردە دووپێ تا گەیشتینە ڕاستی.. وەلێ کە پێی نایە ماڵیان، بێ سەلام و کەلام پەلاماری گەوهەری داو تا گرتی دوو شەقی قایمی لێدا، قیژەی لێ هەڵساند، ئەوجا بەدەستی ڕاستە لەپشتەوە توند پرچی گرت و بە ڕاکێشان ڕایکێشا، وەلێ لەدەرەوە بەدەم نەڕاندنەوە بەسەری دەقیژاند:
- دەی هەی بێ ڕەوشت، پێشم کەوە.
ئێمەش وا بەدواوەین، تێڕوسیا لەو دوو شەق و ئەو پرچ ڕاکێشانە.. بەپێی خۆی بردیەوە ماڵی شەریف.
هێشتا هیچ قسەیەکمان لەدەم دەرنەچوو بوو، شەریف هەر نەیهێناو نەیبرد، لە دوورەوە بە گەوهەری وت :

- شەریف برایەی، قەت بێ پرسی پیاوت یا بەدەر لە ماڵی دایك و باوكت نەدەچوویە شوێنی تر؛ بۆیە لەم ئان وساتەوە ناتوانم گومانت لێ نەكەم.
باوكم ویستی بارودۆخەكە هێوركاتەوە:
+ كاكە شەریف لە هەموو ئەو ماوەیە بە بێ ئاگایی نەك تۆ، تەنانەت بێ ئاگاداری ئێمە نەچووەتە ماڵی عەزیزی مامی، بەهەرحاڵ ئەوە ڕا دەستم كردیـەوە، دەی،دەبا ئێمەش بڕۆینەوە.
شەریف ئێستاو ئێستا زمانی هەڵ نەینا فەرمووی دانیشتن و مانـەوەمان لێ بكـات، تەنانەت كە باوكم وتی خواحافیز، وەڵامی باوكیشمی نەدایەوە.

❊ ❊ ❊

من دەمزانی ئەو خوشكەم ڕووبەڕووی كارەساتێكی دژوار دەبێتەوەو شەفە بە ئاسانی لەو ڕاكردن و هەڵاتنەی خۆش نابـێ و گۆبەنـد و كێـشەی بـۆ دروسـت دەكـا، بۆیـە نەمدەتوانی بەئاسانی گرفتی ئەو خوشكەم لە هزر و زەینم دەربكـەم ئـەوەش بـەهۆی ئەو خەوەوە بووكە بینیم.. لەو خەوەمدا گەوهەر جلێكی سپی جوانی لەبەربوو، دەم و چاوێكی گەش و كراوە ، هەر لەو خەوەدا دەستی ماڵئاوایی بۆ هەڵبڕیبووم و دەیوت:
+ بەدوعا من سەفەرێكی ئەبەدیم لەپێشە، بەپەلەم، دەبێ بڕۆم.
زۆر گریام و نووزامەوە و ڕامكرد بچمە لای دەستی بگرم ، لـەو سـەفەرەی پاشـگەز بكەمەوە، چەندی تین و تاوم دایە بەرخۆ و قاچەكانم هێناو بـرد، وەك زەوی بەكێـشی كردبم، لەجێی خۆم یەك شـەقاو چیە نەدەچـومە پـێش و فرمێـسكیش لەچـاوانم دا ڕێچكەی بەستبوو:
- خوشكەكەم توخوا مەڕۆ.. ئێمە بێ تۆ هەڵناكەین، ئاخر كەی ئێستا وەختی دابڕان و ماڵئاواییە.
ئەفسروس پشتی تێكردم وتەواوێ ڕۆیشت ، بـۆ دواجـار كـە ئـاوڕێكی لێ دامـەوە، بەددم دست ڕاشەقاندنەوە:
+مزگێنیت دددەمێ من بەرەو مەنزڵگای ئارامی دەڕۆم ولەدەست شەفە قوتارم بـوو، چونكە هێندە بێزارم بلەترسی خوای گەورە دەستم ناچێ نـە خـۆم بكـوژم و نـە خـۆم بسوتێنم.. سەرهەڵگرتن و سەفەر باشترین دالدەو حەسانەوەیە بۆ من.
پشتی تێكردم، هێدی هێدی بۆ پێـشەوە هـەنگاوینا تـا لەبەرچـاو ون بـوو، منـیش ئەوەندەی بانگم كرد، هاوارم كردێ، وەڵامی نەدامەوە، تا لە هاواری خۆم لە خەوەكە ڕاچەنیم و بە ئاكاهاتم.. هەناسەبڕكێم پێ كەوتبوو، لەجێوە دەسـتم گەیانـدە گڵاسـە ئاوەكەی تەنیشتم و چەند فڕێكم لێداو گڵاسەكەم دانایەوە:

- خوایە ئەو خەوە بەخێر بگێڕی، گەوهەر هیچی لێ نەیەت.
بە ئاسپایی خۆم نایەوە ژێر بەتانیەکەو دوای دالغەیەکی دوورودرێژ، دووبارە نەمزانی کەی و چۆن خەو بۆ خۆی بە کێش کردم.

* * *

بەیانی کە لەخەو بێدار بوومەوە.. دلتەنگیەکی قێزەون بالی بەسەر بیرکردنەوەم کێشابوو، چەندی هەولمدا خۆم بەشتێکەوە سەرقالکەم و بەو هۆیەوە خەوەکەی ئەو شەوە لەیاد کەم، نەمتوانی، کاتێك دەچوومە هەر جێگە و شوێنێك، زەردەخەنەی گەوهەرم دەهاتە پێش چاو، لەگەل ئەو قسەیەی کە وتی: " بەدوعا من سەفەرێکی ئەبەدیم لەپێشە". کەوتبومە لێکدانەوەی سەفەری ئەبەدی، دەبێ مەبەست لەوە ئەوەیە چیتر ئەم و شەفە کێشەیان لەبەین نامێنێ یان ئەوەتە تاهەتایە کۆچ دەکا.. وای چاوم کوێربێ نەك مەرگت ببینم.. هەموو چرکەساتێکم بە ترس و لەرزەوە بەرێدەکرد، بۆ هەر لە دەرگادانێك موچڕکەیێکی بە لەشم دادەگەڕا، ئاخۆ هەوالی ناوادەی گەوهەر نەبێ.. دەی ئیشەللا هیچ نابێ.
لە نانی نیوەڕۆدا بەزۆر چەند پارووێەکم خوارد، هەرچەندە دایکم وتی:
- ئەوە بۆ نان ناخۆی، خۆ نەخۆش نی؟
دلم بەرایی نەدەدا خەوەکەی بۆ بگێڕمەوە، نەشیان دەزانی هەر لەبەر ترسی ئەو خەوەیە، خۆم شێلو نەدەکرد، دەموت:
+ هیچ نیە نەختێ لەشم ژان دەکا و ئیشتیای خواردنم نیە.
دوای دەستهەلگرتن، یەکسەر بەرەو ژوورەکەم ڕۆیشتم و خۆم نایە بن جێ و دالغەم لە هەموو خەوەکەی ئەو شەوە لێدا، بەجۆرێ کەلکەلەم ڕۆیشتبوو، خەو بەرۆکی گرتبووم ، خەوم لێکەوت.
چەند خەوتم و نەخەوتم.. لە بەرزبوونەوەی قیژەقیژ و هات و هاواری دایکم و فاتێی خوشکم، ڕاچلەکیم ، ختورەم بۆ ئەوە ڕۆیی کە خەوەکەم تەواوەو ئەو خوشکەم شتێکی لێ قەوماوە، بە پەلە لەنێو جێیەکەم هاتمەدەر و بە ڕاکردن چومە هۆلی دانیشتن.
دایکم کەوتبووە پرچ ڕنینەوەو لەخۆدان و سینگ کوتان و فاتێش بەهەموو دەنگی خۆی هاواری دەکرد:
- وەی خوشکە کیانەکەم ڕۆ.. بۆ وات لێهات؟
بەددەم قوڕگی پڕ لە هەنسکەوە، تەماشام کرد ئەوە شەفەش لەوێیە، بەفاتێم وت:
+ فاتێ ئەوە چ بووە؟ چ قەوماوە.

ئەویش بەدەم فرمێسک ڕشتنەوە تەماشایەکی کردم:
- گەوهەر سوتا... گەوهەر.
+ ئێ بۆ سوتا؟
- بەقسەی شەریف چوەتە حەمام و پریمزی پێدتەقیوەتەوە.
باوکم بەپەلە خۆی گۆڕی و بەشڵەژاویەوە ڕووی کردە دایکم و وتی:
- دەی با بڕۆین.. ئێوەش..
قسەکەی قوت داو مەبەستی ئەوەبوو پێمان بڵێ ئێوە لە ماڵەوە بن، کەچی قسەکەی گۆڕی:
- دەی دەرگاکان کلیل دەن و ئێوەش وەرن.
بەخێرایی دەرگای ژوورەکان و دەرەوەم کلیل داو بەسەیارەکەی شەریف بەرەو نەخۆشخانەی کۆماری کەوتینە ڕێ.. من و فاتێ لەبەرخۆمانەوە بەبێ دەنگی هەنسکمان دەداو دایکیشم کەوتە لاوانەوە:
- وااای لە کچە خێر لەخۆ نەدیوەکەم.. بۆ وات لێهات؟ ئاااای کە بێ بەخت و چارەڕەش بووی، نە لە ماڵی باوکت حەسایەوە، نە لە ماڵە مێرد.
باوکم تێیڕاخوڕی:
+ چەنەت تێکنێ، کەی ئێستا وەختی ئەو قسە پڕوپووچانەیە.
دایکم نەیبڕیەوە:
- زۆرم لەدڵە.. مەگەر ئەو خوایە، دەزانم تووشی چی هاتووم.
باوکم توندتر لەگەڵی دوا:
+ ئەگەر دەیبڕیەوە باشە، ئەگینا ئێستا ئەو سەیارە ڕادەگرم و دات دەگرم.. بەسە بیبڕەوە.
دایکم لەناخەوە برژابوو، تا گەیشتینە جێ، هەر سەری بادەداو دەپاڕایەوە:
- خوایەگیان بگە بە فریامان، هیچی لێ بەسەر نێ.
شەریف کە سەیارەکەی لە گەراجی تەنیشت نەخۆشخانەکە ڕاگرت و ئێمەش بەپەلە لێی دابەزین و بەپێ هەڵێنانێکی خێراوە چوینە بەردەم دەرگای سەرەکی، باوکم پێی وتن:
- تازە هەواڵیان پێ داوین کچەکەمان سوتاوە، کەر ڕوخسەت دەن من باوکی و ئەوانەش دایک و خوشک و ئەوەش مێردیەتی.
پۆلیسەکە بێ ئەوەی لاری دەربڕێ، دەرکاکەی کردەوەو بەدەست درێژکردنەوە:
+ فەرموون.

هەر بەراکردن بەردو قاوشی ژنان و و لەوێشەوە چوینە ئەو هۆڵەی تایبەت بوو بە سوتانی ژنان.. چی ببینین، گەوهەری خوشکەم سەراپای لەشی سوتابوو، دەم و چاوی وەها شێوابوو، سوێندت دەخوارد ئەوە گەوهەر نیە.. بەدەم تێڕامانەوە کەوتینە گریان، یەکێك لە سستەرەکانی ئەوێ دەرکەوت و وتی:

- ئەگەر دەگرییێن، فەرموو بۆ دەردوە، هێندەی تر ئێش و ئازاری نەخۆشەکە زیاد مەکەن.

بەمە هەموومان ئەوەیما لەبەرخۆ کەوتینە هەنسك دان و سەری پڕ خەم و خەفەتمان با دەدا.. پۆلیسێك پەیدا بووە، کە ئێمەی بینی لایداو وتی:

- کێ باوکی ئەو کچەیە.

باوکم بە پەرۆشەوە:

+ فەرموو.

پۆلیسەکە وتی:

- ئێمە لێکۆڵینەوەمان ئەنجامداوەو پێش لێدانی دەرزی حەسانەوەو خەوتن، کچەکەت دەڵێ من خۆم نەسوتاندوەو لەکاتی خۆشوشتن لەگەڵ پەمپ لێدان پریمزم پێدا تەقیوەو ئاگرم گرتوە، هەروەها ئیشارەتی بەوەش داوە گوایە کەسوکاری کاك شەریف زوو بەهانایەوە چوویتن، ئیتر ئەوەی دەمێنێتەوە کەرەمی خوایە بەڕوحمی خۆی ڕوحمی پێبکا.. دەی بە یارمەتیتان.

باوکم وەکو ئاماژەیەك تەنها سەری بادا:

- فەرموو قوربان.

خزم و کەسوکار و ناسیاو، ئەوەی ئەو وەختە زانی، پۆل پۆل هاتنە نەخۆشخانە.

بۆ ئێوارە چونکە خەڵکێك دەهاتە ماڵمان، بەناچاری من و باوکم چوینەوە ماڵ.

گەوهەر ئەوشەوە بێ هەست و خوست شەوی کردەوە، بۆ بەیانی ڕۆژی پاشتر کاتێ من و باوکم بەیەکەوە چوینەوە نەخۆشخانە.. هێشتا دوو سێ مەترێ مابوو بگەینە لای ، دوو دکتۆری لەسەر وەستابوو، خەریکی پشکنینی بوون و بۆیان دەرکەوت مردوە، بەدایکمیان وت :

- بەداخەوە مرد.

دایکم کەوتە پرچ ڕنینەوەو ڕوومەت و سینگ کوتان و لەگەڵ فاتیی خوشکم خۆیان دایە سەر تەرمەکەی، من و باوکیشم وەکو منداڵ دامانە پرمەی گریان و لەگەڵیاندا کەوتینە فرمێسك ڕشتن.

❁ ❁ ❁

## بەشی نۆیەم

لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا تەرمی گەوهەر نێژراو سێ ڕۆژ تازیەمان بۆی دانا.. دایکە کلۆڵ و داماوەکەمان وەکو بتێکی بێگیان بوو، هێندەی لەخۆیداو سەردولکە بەسەر گەوهەر هەڵدا و پرچی ڕنییەوە، پرچی بەسەر خۆی نەهێشت و کردبویە دوو گلۆڵە و بەدەستی ئاڵاندبوو، ڕوومەتەکانیشی هێندەی چەپەڕۆکی پێدا بکێشێ، جێ جێ و شوختی سەری دەتوت پشیلە پەلاماری داوەو بەچڕنوك وای لێکردوە.. لەو سێ ڕۆژەی تازیەدا، ئەوەندە نوزایەوە، زوو زوو لەهۆش خۆی دەچوو، دەبوو یەکێك بیگرتایەو یەکێکیش ئاوی بە دەم و چاودا بکردایە تا وردەوردە دەهاتەوە هۆش خۆی.. زۆر لە کورتی دا، دەنگی بەجارێ نووساو قەپات بوو، مانی لە نانخواردن گرت ، بەزۆر بە لۆکە ئاومان دەنایە سەر دەمی.. ئەوەندەی خوشکەکانی دڵیان دەدایەوەو هانیان دەدا:

- کەمێ ئارام بگرە.. بۆ وا لەخۆت دەکەی.. بەسە هەرنا شتێ بخۆ با لە برسا نەمری.

وەلێ دەنگیشی تەواو بڕا، جگە لە سەربادان ، نە سەردولکە، نە دەنگە نوسانەکەی نەما، بەمە بەجارێ پەکی کەوت و ئەگەر چەند ڕۆژە دەیتوانی هەڵسێ و دانیشێ، ئەویشی ڕۆیی و کەوتە ناو جێگەوە.

دکتۆرمان هێنایە سەر، دوای پشکنینێکی ورد، دکتۆرەکە پێی وتین:

- ئەو ژنە توشی کۆستێکی ناوادە بووە، مانگرتن لە نان و ئاو وایکردوە تووشی وشکبونەوەبێ و لە ئێستا زووتر نیە دەبێ بیبەنە نەخۆشخانەی لەدایکبون و

داخیلیکەن.
بەپەلە من و باوکم بە سەیارە گەیاندمانە نەخۆشخانەو خەواندمان، لەوێش چۆن بڕیاری دابوو هیچ نەخوا، هیچی نەخوارد، ئەمەش وایکرد کتوپڕ جەڵتەی لێدات..
باوکم ئەوجا درکی بە گەورەیی کارەساتەکە کرد، هەموو هەوڵ و توانی خۆی خستە گەڕ، دایکم چاك بێتەوە، کەچی بای ئەجەل هەڵی کرد، دوو ڕۆژ نەژیا، لە بەهێزی ئەو جەڵتەی لەمێشکی دابوو، لە بەردبەیانێکی کش و ماتا، ئەویش مرد.
ئەوجاردیان من و فاتێ وەکو دایکم کەوتینە پرچ ڕنینەوەو سینگ کوتان و گریان و ڕۆڕۆیەکی ئەوتۆ، باس ناکرێ.. هیچ شتێك جێی دایك ناگرێتەوە.. سۆز و میهر و بەزەیی باوك چەندە زۆریشبێ بەقەد ئەو هەناسەیە نیە کە لە ناخ و دەروونی دایکەوە دەردەچێ.
باوکم کەوتە دڵدانەوەو هانی دەداین خۆڕاگر بین، کەچی وەکو تێبینیمان دەکرد ئەو لەئێمە خراپتر بوو، ئەوەندە هەبوو نەدەگریا، ئەگینا لەناخەوە داڕوخاو.. کە لەجێیەك دادەنیشت، بەسەعات هەڵنەدەستا، بەدەگمەن چاوی نەدەتروکاندو بەدەگمەن دەتبینی تەنانەت جووڵەیەکی بچوکیش بکات، ئەوجا سەریبێ یا هەر ئەندامێکی دیکەی جەستەی.. تاس دەیبردەوە، هەر خوا بۆ خۆی بزانێ بیری لەچی دەکردەوەو چۆن بیری دەکردەوە؟.
شەوانە تا بەیانی دوو سێ جار سەری بەو ژوورە دادەگرت کە من و فاتێ لێی دەنوستین، بە ئەسپایی دەهاتە ژوورێ ، بەبێ دەنگی دەهاتە دیار سەرمان، دەمێ دوان تێمان ڕادەماو پاشان بەبێ چرپە دەچووەوە ژورەکەی خۆی، ئەمەش هەستکردن بوو بە پەشیمانی و ئەو زوڵمە گەورەی لە گەوهەری کرد.
ئێوارەیەکیان باوکم لەبەرخۆیەوە دەیوت:
- هەموو خەتای من بوو.. وا گومان دەبەم گەوهەر لە ڕقی شەفە خۆی سوتاندبێ و پرێمێز تەقینەوەش پەیوەندی بەو بابەتەوە نەبێ.. گەوهەرەکەم توخوا لێم ببوورە زوڵمێکی گەورەم لێکردی و ئەو زوڵمەش وایکرد بەهۆیەوە دایکت بمرێ، بەڕاستی لەگەڵتان خراپ بووم، ئەمەش ئاکامی خراپەکاریە.
پەیتاپەیتا بەدەم ئەو قسانەوە فرمێسکی بەخوڕ لە چاوانی دەباری.
من و فاتێ شەوانە دڵی یەکمان دەدایەوە بەوەی ژیان بە نەمانی ئێمە و ئەوانە کەسی خۆشەویستی وەکو گەوهەر و دایکم کۆتایی نایەت، بۆیە دەبێ بەرگەی ئەو

کارەساتە جەرگبڕە بگرین، کارەسات لەوە گەورەتر چیە لەماوەی هەفتەیەکدا دوو کەسی خۆشەویستت لەدەست دەی؟.

ئەوەی من پتر لێی دەترسام، ئەو هەڵوێستەی باوکم بوو وەکو چۆن بە ڕەقی و توندوتیژی لەگەڵمان رەفتاری دەکرد و ئەوەی بیویستبایە دەبێ ببێ وەکو ئەو بەشوودانە نابەدڵەی گەوهەر و ئاکامەکەی بەچی گەیشت؟

فاتێ دەیوت:

- باوکم ڕەنگە دوای ئەو ڕووداوە بەخۆیدا بچێتەوەو واز لە ئارەق خواردنەوە بێنێ.

لە دەروونەوە ئاواتم بۆی دەخواست واز لە خواردنەوە بێنێ و زیاتر بایەخ و گرنگی پتر بە ئێمە بدات.

باوکم ئەو مرۆڤەی جاران نەما، هەمیشە دەستی بەسەرمان دادێناو بە قسەو گفتی نەرم ونیان و شیرین لەگەڵمان دەدوا، هانی دەداین هیواو ئاواتمان بە دوارۆژ گەشتر بێ و بەردەوامیش بە منی دەوت:

- کچم تۆ لە هەرکاتێك زیاتر دەبێ بایەخ بە خوێندنەکەت بدەیت و بەڵێنت پێ دەدەم هەموو هاوکاریەکت بکەم، هەرچەندە لەوەش پەشیمانم کە فاتێم لە قوتابخانە دەرکرد،بەڵام بەڵێن دەدەم ئەگەر ئەویش حەزی لێیە درێژە بە خوێندن بدات، ئەوە بۆ ساڵی داهاتوو ئەویش دەنێرمەوە قوتابخانە.

ئەو قسە خۆش و ڕێك وپێك و جوانانەی باوکم وایکردبوو، کەمتر هەست بەبێ دایکی بکەین و بە هیواوە بژێین.

ئەفسوس هەر هەفتەیەك دەمی لە خواردنەوە هەڵگرت وتوخنی نەکەوت، هەمدیسا تێهەڵچۆوە، بەڵام بەو شێوەی جارانی نەدەخواردەوە تووشی هەڵەبێ و وەکو پێشان بە دەم جنێودان بگەڕێتەوەو تا شەڕێ کێشەیەك دروست نەکا، دڵی ئاو نەخواتەوە..

پێشتر هەر دەهاتەوە بەردەوام لەگەڵ دایکم لێك لەسەنگەردابوون.

ئامۆزاکانی باوکم زوو زوو دەهاتنە ماڵمان و هانی باوکمیان دەدا ژن بێنێ، لێ باوکم وەك مێشیشی میوان نەبێ، ختورەی ژنهێنانی بەمێشکدا نەدەهات، دەیوت:

- من چومەتە ساڵ و خۆم نابەستمەوە بە ژنێك نەزانم رەفتار و کرداری چۆنەو مومکین نیە کەسێکی تر هەبێ جێی ڕەحمەتی بگرێتەوە، شلێر پەردەپۆشی هەموو عەیب و عارێکم بوو.. ژنێك بوو شارێکی دێنا، سەرەڕای ئەو زوڵمەگەورەی لێم کرد تەوجا خۆڕاگر ، دەرهەق بە منداڵەکان تا سەرگەردان نەبن لە هەموو شتێکی خۆی

بووریبوو، بۆیە داواتان لێدەکەم بیری ژنهێنان مەخەنە مێشکمەوەو ئەوەندەساڵەی ماومە قەت لەوە باشتر نیە بۆ خۆم لە مەیخانەی بەرێکەم.

سالێك و عەیامیٚ سووڕاوە، کەس نەیتوانی کاری تێبکا تا ژنبێنێ و هەموو ئەو بەلێنانەی بە مـن ژفـاتێی دابـوو، لەڕووخۆشـی و ئاوردانـەوەو پێداویـستیەکانمان، هەمووی بەجێ گەیاند.

فاتێ چووەوە بەر خوێندن و بووەوە پۆلی پێنجەم و منیش بوومە پۆلی پێنجەمی وێژەیی ..باوکم لە داخوازیەکی کتوپڕ و لە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی ئاساییدا دڵی نەرم بوو، لەو بڕیارە پاشگەز بۆوە کە وتی (بیر لە ژنهێنان ناکەمەوەو لە هەموو شتێکی خۆم دەبوورم)، ئەو بڕیارە تەواو سەرسامی کردم، سەیرم پێهات مرۆڤ لەبەردەم گۆڕانکاریەکاندا جاری وا هەیە هەموو دونیا لەگەڵی دەڵێ و دەڕێسێ بە خەیاڵی دانایەو کەچی لە ڕەفتارێکی بچوك، لە گێڕانەوەی بەسەرهاتێك دا، تەواوگۆڕا و لە هەموو شتەکان پاشگەز بۆوە.

حاجی حەوێزی دراوسێمان بە هێنانەوەی سەرگوزشتەی ئەنوەری برای، باوکمی تووشی ئەمری واقیع کرد دڵی نەرمبێ و ڕەزامەندی ژنهێنان بۆ خۆی دەربـبڕێ، بەو چەشنە فاتێی خوشکم بدرێتە عومەری کوڕی گەورەی و ئەویش لە نۆژەندا ئامینەی خوشکە قەیرەکەی بداتە باوکم کە لە ڕووی تەمەنەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نەبوو.

من لەپشت پەنجەرەی بەرهەیوانەکە لەسەر چیچکان دانیشتبووم ،گوێقوڵاغ هەستم ڕاگرتبوو، حاجی حەوێز بە ئحم ئحمێ قوڕگی گیراوی پاك کردەوەو تێهەڵچوو:

"کەسی کاکی، ئەم ژیانە لە دارستانێکی چڕ و جەنگەڵ دەچێ، تا مرۆڤ تێیدا بمێنێتەوە شتی عەنتیکەو سەیر وسەمەرەی تێدا دەبینێ، بۆیە لە ئاقار هەندێك شت سەرسام و دەستەوسان و لە ئاقار هەندێ شتی تردا چاو ئەبڵەق دەبێ.. با قسەیەکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە، وابزانم ئەنوەری برام چاك دەناسی و ڕەنگە پەیوەندی و چاکوچۆنیشتان لەبەینبێ.. دیارە قەدەری خوا وایە ئەنوەر نەزۆکەو گەلێك ئەملاو ئەولا، دکتۆر نەما سەری پێدا نەگرێ، کەچی لە هەوڵەکانی بێسود بوو ، منداڵی لێ ناکەوێتەوە.. لە هەموو تەمەنی خۆی تائێستا دوو ژنی هێناوە، لە ژنی یەکەمیدا کە ئامۆزای بوو پێش ماربڕین و گواستنەوەی ،کاتێ چوینە پێش بۆ خوازبێنی و بێ پەروا بە کچەمان وت ئەو کابرایە نەزۆکەو قسە لەم سەریەوە خۆشە، تا دوو ڕۆژی تر

پڕوبیانو بۆ ئـەم حاڵەتـە نەدۆزییـەوە، ئەگـەر ڕازیـت حەزدەکـەین ئـەو خزمایـەتی وتێکەڵیە پتەوترکەین.

ئەو کچە ئامۆزایەمان بێ ئەوەی فشاری کەسی لەسەر بێ، بە ئارەزووی خـۆی وتـی: ئەنوەر ئامۆزامەو لە ئامۆزا کێوە؟ من نەك بە نەزۆکی بەڵکو بـە هـەموو عـەیب و عارێکی ڕازیم، بۆ نەزۆکیش هیچ لەگەڵ کاری خوا ناکرێ.

ئەنوەر پێش گواستنەوەی ئەو کچە، خانویەکی سەربەخۆی بۆ بـەکرێ گـرت و ژنـەی بردە ناوی.. چەند مانگێك بەخۆشی پێکەوە ژیان، تاکتوپڕ ئەو ژنە لە برایەکەم بـووە دڕك و داڵ و ڕەفتار و مامەڵـەی بـەجارێ گـۆڕا، وابـزانم کەسـێك هـەبوو لـەژێرەوە ئەقیزەی دەداو هانی دەدا بەو ڕەنگ و بۆیە بجولێتەوە، هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێ یـاری دەکرد و لەسەر بەزمێك دەیخوێند، بەمە ئەو برا بەستەزمانەم ئێـستاش لـە ماڵـەوە نانێکی بە ئیسراحەت نەخوارد، ژنەکەی لە بەهانە بێ بنەماو پڕوپووچەکانی:

جارێك دەیوت ئەم خانوە جنۆکەی تێدایە، دەترسم دەستم لێبوەشـێنن، جـارێکی تـر دەیوت من لەم خانوە دڵم تەنگە، دەبێ خانویەکی دیکەم بۆ بگری.

ئەوەش هەر هیچ، خۆ نان لەماڵەوە نەبایە، هەڵنەدەستا تەشتێ ئارد بشێلێ و هەندێ نان بکات، هەمیشە پێی دەوت من نـەخۆش و بـێ تاقـەتم، دەبـێ تـۆ سـێ جەمـە لەدەرەوە نانم بۆ بکری..

تا کێشەی نێوانیان هێندە پەرە نەسێنێ، ئەنوەر لەو خانوە دەڕوا و هەر لەو گەڕەکەدا خانویەکی دیکە بەکرێ دەگرێ، بەڵام ئەو گواستنەوە هیچ لـە بەهانـەو پاسـاوەکانی ناگۆڕێ، ئاردی بۆ نانکردن بەڕادان دابوو. سەرەڕای ئەو هـەموو شـتە، هێـشتا پێـی زیاد لە بەرە ڕادەکێشا، ئەنوەر ڕۆژانە کە بەرەبەری سەعات دووی پـاش نیـوەڕۆ لـە دایەرە دەگەڕایەوە، لەبەر شەکەت و کەیل و ماندوێتی خۆی ئەگەر بیوتبایە ئـافرەت چیت لێناوە ،شتێکم بۆ بێنە برسیمە؟ پێی هەڵدەشاخا، دەیوت: هیچم لێنەناوە، بـڕۆ بۆ خۆت شتێك لێنێ.

ئاریشەکان تادەهات تەشەنەیان دەکرد، ئەگەر ئەو ژنە هەفتەیەك لای ئەنوەر بوایـە، ئەوە بەدوو هەفتە دەچووەوە ماڵی باوکی، کورد دەڵێ کە زۆرهـات قەواڵـە بەتاڵـە.. بەرە بەرە گرفتـەکان گەیـشتنە ڕادەی شـکات و شـکایەتکاری و دواجـار بەناچـاری دەستیان لەیەك بەردا و ژنەکەی تەڵاق دا ..ژنەکە لە دادگاش دا بـەهۆی داواکردنـی مافەکانی، هەرچی شتێکی ئەو ماڵە هەیە کە دەڵێ هی منە، کێـسکێك بـەو ماڵـە

دادێنێ.
ئەنوەر ناچار دەبێ سەرلەنوێ و لە سفرەوە دەست بە ماڵدانان بکا .. تا حەوت ساڵ توانی خانویەکی سادەو ساکار بنیات بنێ ، هەرچەندە لەو ژنهێنانە ترسێك هوروژمی بۆ هێنابوو، زۆر بیری لە ژنهێنان نەدەکردەوە، وەلێ لێرەولەوێ زۆر گوشارمان خستە سەری، نابێ ناکرێ دوای ئەو تەمەنە ناوا بمێنییەوە. چونکە ئەوە دایکە و ئەوە باوکە دوو ڕۆژیتر دەمرن و خوشك و براش شوو دەکەن و ژن دێنن.
پێمان وت: وەرە ئەوجارەیان لەجیاتی کچێکی ڕەشۆکی نەخوێندەوار، بۆ خۆت فەرمانبەرێکی ڕێکوپێك بێنە ، ئیدی بەیەکجار دەحەسێیەوە،کچێکمان بۆت دۆزیوەتەوە تا بڵێ ی خانومان و ڕێك وپێکە.
قەناعەتمان پێهێنا وتی: ڕازیم، بەڵام بەو مەرجەی پێشوەختە خۆم لەمەڕ نەزۆکیەکەمەوە قسەی لەگەڵدا بکەم.
بوارمان بۆهەردووکیان ڕەخساند، یەکیان بینی.. دوای دانیشتن و قسەو گفتوگۆیەکی زۆر، دڵیان یەکتر دەگرێ ، تەنانەت ئەنوەر پێی وتبوو:
- تۆ فەرمانبەری و منیش فەرمانبەرم، چاوم لەو پارەیە نیە تۆ وەری دەگریت، بۆیە ئەوەی دێتە دەستت ، چی لێ دەکەی، دەیسوتێنی، بە ئاوی دادەدەی، لەچی خەرج دەکەی، گەردەنت خۆش و ئازا بێ. ئەوەی من لەتۆم داوایە، ڕێزگرتنی یەکدیە و تەواو.
شەش مانگ و چەند هەفتەیەك پێکەوە ژیان وگوزەرێکی ئاسایی دەبەنە سەر، بێ ئەوەی تۆزقاڵ لەڕاست یەك دڵیان گەرد بگرێو لەبز و قسەیەکی ناشیرین بەیەك بڵێن.
لە ئێوارەیەکی مانگی ڕەمەزان دا، ئەنوەر بەڕۆژوو دەبێ و پێش گەڕانەوەی لە بازاڕ، لەسەر ڕێی خۆیدا چوارپێنج نانی گەرم دەکڕێ، لەگەڵ هەندێ سەوزەو میوە ، هێدی هێدی بەرەو ماڵ شۆڕ دەبێتەوە، کاتێ لە دەرگا دەدا، نە جارێك و دوان و سیان، کەس دەرگای لێ ناکاتەوە، دڵی دادەخورپێ بەوەی ڕەنگە شتێك ڕوویدابێت، لە سەروحەددی ئەو لەدەرگادانەدا،ئەو ماڵە دراوسێی تەنیشتیان دێتە دەرەوە و کلیلی دەرگای ماڵەودیانی بۆ ڕادەکرێ و دەڵێت:
- خێزانەکەت ئەو کلیلانەی لای ئێمە داناوە، وتی دەچمەوە ماڵی باوکم.
بەو هەواڵە دەهری دەبێ و بڕیار دەدا ئەگەر دونیا کاولبێ و ژن لەو دنیایە قات و قڕبێ ،ئەگەر خۆی هاتەوە باشە ،وە ئەگینا ناچێتە دوای .. ئێستاش دوای تەمەنێ

وا بۆ پانزدساڵ دەڕوا، نە ئەو ژنە هاتۆتەوە لای و نە ئـەویش چـوەتە دوای، نـە ئـەو داوای تەڵاق دەکار نە ئەویش تەڵاقی دەدا، بەڕاستی سەیرە ئەنوەر ئێستا تەمـەنێکی بەڕێکردوە، لە هەموو ئەو ماوانە تکامان لێیکرد ژن بێنێتـەوە، بـەگوێی نـەکردین، تازە بەتازە هەست بە بوونی بۆشاییەك لـە ژیـانی دەکـاو دەڵێـت:- زۆر هەڵـە بـووم بەقسەم نەکردن، ئێستاش لەو تەمەنەدا ژنهێنان گاڵتەکردنە بەخۆ."

کاکڵی مەبەست حەزدەکەم پێت بڵێم کە بەڕاستی پێم خۆش نیە تۆش بە دەردی ئـەو برایەم بچی. باوکم تاوێ داما، کە پرسی: مەبەستت لەم قسانە چیە؟! تۆ چارەسـەری من لەچیدا بەدی دەکەیت؟!

حاجی حەوێز بە هەڵپەیەکەوە هەڵیدایێ: مانگەشەو سەر لەئێوارە دیـارە.. بـەڕوونی بدوێم، نیازم وایە ئەگەر خوا قەڵەمی لێدا و تۆش ڕازیبی ، ئەوە ئامینەی خوشکمت دەدەمێ کە هاوسونفی تۆیەو تۆش لە نۆژەندا فاتێی کچت بدەیەعومەری کوڕم.

باوکم هەمدیسا دۆش داما وەکو لێکدانەوەی خۆی، بیر لە لایەنی چاك و خراپیەکانی ئەو داوایە بکاتەوە، کاتێك دەمی هەڵپچڕی، بەبزەیەکی گەشەوە وتی: لێرەدا شتێ هەیە، من لەکچی یەکەممدا کە بەزۆر بەشـووم دا زەرەرێکـی زۆرم کـرد و غـەدرێکی گەورەم لێی کرد، بۆیە نامەوێ هەمان شت دووبارە بکەمەوەو ئەو دوو کیژەی ماومن بەدەردی ئەو بچن.. من وەکو خۆم ڕازیم بەڵام لەم ڕووەوە دەبێ بن زمانی فاتێ تاقی بکەمەوە، ئەگەر ڕازیبوو ئەوە لەم هەفتەیەدا هەموو شتێ بـەکۆتا دێـنین و شـتەکان دەبڕێنینەوە، من دواتر وەڵامت دەدەمەوە.

حاجی حەوێز لەجێوە ڕاست بۆوە، ڕۆیشت.. هەر دوای ئەو، بـاوکم بەهێواشـی هاتـە ژورەکەمان و بە هەڵپەیەکەوە تاوێ دوان لامان دانیشت، پاشان کە ڕووی بەلای فاتێ وەرگێڕا: کچم، حاجی حەوێز هاتوەتە داوای تۆ بۆ عومەری کوڕی، من وەکو عومـەر بناسم ،کوڕێکی ڕێکوپێك و خراپ نیە، زۆریشت لێناکـەم مێـردی پێبکـەی ، بۆیـە سەرپشکبە لە هەر بڕیارێك، ئەوجا نازانم لەم ڕووەوە تۆ دەڵێی چی؟

فاتـێ چـونکە لـە رەفتـار و گفتـاری عومـەر شـارەزابوو، دووراو دوور دەیناسـی، وتی:باوکە بیکەرە ئارەزووی خۆت، تۆ چۆنت پێ باشە،من لەقسەت دەرناچم.

باوکم یەکسەر لێی حاڵیبوو کە ئەویش بەو شوکردنە ڕازییە، وەڵامی حاجی حـەوێزی دایەوە، بەمە هەرە لەو هەفتەدا هەموو شتێکیان بڕاندەوە.. فاتـێ درایـە عومـەر و باوکیشم ئامینەی گواستەوە.

❊ ❊ ❊

# بەشی دەیەم

ئەو ترسەی لە دەروونم دا چرۆی کردبوو بەوەی هەموو باوەژنێک خراپە، ئەم هاوکێشەیە بەپێچەوانەوە دەرچوو.. ئامینە گەلێ نەرم و نیان و بەمیهر و سۆز، بابایەك بوو نکوڵی لە ڕەفتار و کرداری نەدەکرا، هێندە لەگەڵم باشبوو، زۆر بەدەورم دادەهات، دڵی دەدامەوە، هانی دەدام بایەخ بەخوێندنەکەم بدەم، بەمە وام هەست دەکرد دایکم هێشتا زیندوە ، بۆیە لەو ڕۆژەوەی ئەو ژنە پێی ناوەتە سماڵمان ، لەجیاتی باوەژن، بەدایە بانگی دەکەم و هەر پێویستیەکم هەبێت یارمەتیم دەداو بێ ئەندازە خۆشم دەوێ و ڕێزی دەگرم.

باوکم پاش ئەو ژنهێنانە جارێکی دیکە ڕووی کردەوە مەیخانەو شەوانە تا وەختانێکی درەنگ دەیخواردەوە، ئەوجا بە سەرخۆشی دەهاتەوە. من زۆرجار کە لەگەڵ ئامینە دادەنیشتم، دەموت باوکم لە سەردەمی دایکم سیفەتێکی سەیری هەبوو، کاتێ بە سەرخۆشی دەهاتەوە ، شەو نەبوو جنێوی پیس بە دایکم نەداو بەلایەوە لە دەرگادان بە شەق و پێلەقە ئاو خواردنەوە بوو، جگە لەوەی شەو نەبوو بە هەوای هەوەس بەگژماندا نەیەت. کەچی ئێستا تەواو گۆڕاوەو سەرەڕای خواردنەوە، بەهێواشی دێتەوە ماڵ، گاڵەگاڵ ناکا و قسەی ناشیرینی لەدەم دەرناچێ.. ئامینە هێندە ئارامگر بوو ، ئەگەر بیزانیایە باوکم بارودۆخی تێکچووەو ئاسایی نیە، هەموو هەوڵێکی دەخستە گەڕ تا هێوریکاتەوەو قەتیش قسەیەکی وای لەدەم دەرنەدەپەڕی هەستی باوکم بریندارکا، ئەمەش وایکردبوو باوکم زاتی ئەوە نەکات بەسەریدا بقیژێنێ ، یا قسەیەکی ناخۆش بکا.

هیچ شتێك لەوە خۆشتر نیە خێزان تەباو ڕەبابێ و ئەندامەکانی ڕێز لەیەك بگرن و سێزێك کۆیان بکاتەوە.. فاتێی خوشکیشم لەلای عومەر ژیانێکی بەدەر لەهەر گرفت

و لەمپەرێکی دەبردە سەرو ئەو خۆشیە وایکردبوو من لە جێوە کەزکەز باڵا بگرم و هەست نەکەم دوای دایکم درزێك لە پەیوەندیەکانمان دروست بوو بێ.
بە زەوق و سەلیقەیەکی زۆرەوە سەرقاڵ و سەرگەرمی خوێندنەکەم بووم و ڕۆژانە بە شەوقەوە ڕێی قوتابخانەم دەگرتە بەرو لە تەواوی بابەتەکان باش بووم.. مرۆڤ دڵ و دەروونی خۆشبێ ، لە وەرگرتنی هەر شتێك، شتەکان بە ئاسانی وەردەگرێ.
بەیانیەکیان وەکو هەر بەیانیەکی دیکە هێدی هێدی بەرەو قوتابخانە داغل بوومەوە، لەسەر هەڵبڕینێکی کتوپڕدا، چاو ئەبڵەق بووم کاتێك تەماشام کرد ئەو شێرکۆیەی دواجار نامەیەکی دامێ و لەپێش چاویدا جرِوپرِم کرد و کردمە تەنەکەی زبڵەوە و ئیدی لەو ڕۆژەوە نەمدییەوە ..کەچی ئێستا وا دەیبینمەوە، لەدوورِا چاوێکی بە مەغزام دایێ و سەرم داگرت، ترپەترپی دڵم دەگەییە بەرگوێ و قاچەکانم خەریکبوو تێك بئاڵێن و بمخەن، هەستم کرد پێم لەدوام نایەن.. ترسێکی هومایی باڵی بەسەردا کێشام، ترسێك نازانم لەچیەوە سەرچاوەی گرتبوو، لە دەروونەوە بەخۆمم وت: کچێ ئەمجارە هەڵە نەکەی، وورِیابەو بزانە چۆن ڕەفتار دەکەی و هەر قسەیەکی ڕەق و تەق وهەست بریندار کردنێ ، ئەو دیدارە دەبێتە دوا دیدار و بەژیانی خۆت نابینیەوە.
سەیرم بەخۆم دەهات، بۆچی ئەو ختورە عەنتیکەم بەدڵ دادەهات ئەوها بیربکەمەوە، بۆ چما کەس برِانە یا ئەوەتە تەبیعەتەو تەبیعەتیش دەرمانی نیە. هەوڵمدا بەو چەشنە ڕۆیشتنە برِۆم کە ڕۆژانە بەدەستوبرد و گورج و گۆڵی پێم هەڵدێنا، نەختێك خاوتر لە ڕۆژانی تر شەقاوم هاویشت تا لیێی نزیك بوومەوە ، ڕەنگی دەم و چاوم بۆ چەند ڕەنگێك گۆڕا، گوێ قوڵاغ، هەستم ڕاگرت قسەیەکی لێ ببیسم، گەیشتمە ڕاستی، کە بە دەنگێکی پڕ لە بەزەیی: زەحمەت نەبێ؟
هەڵوێستەیەکم کرد، سەرم هەڵبڕی .. دوور لە گرژ و مۆنی و تووڕەیی، زۆر بەشێنەیی بزەیەکم بۆ نایە سەرلێو: فەرموو.
شێرکۆ چاوێکی بەپەلەو خێرای بەو دەوروبەرە گێڕاو دەمگەرمانە، کە ئاهێکی قووڵی پڕ بە سیەکانی هەڵکێشا: دەترسم...
کرِی چنی و بێدەنگ بوو، کە هیچ وەڵامێکیم نەدایەوە، دوبارە تێهەڵچوەوە: ب... بە... بە هەقیقەت... م.. م.. من...
بزەیەکم بۆ نایە سەرلێو: ئەوە چیت لێقەوماوە ئاوا پەشۆکاوی!
ئەویش وەکو تین و تاو بداتە بەر خۆ و غیرەت بیگرێ: لە ڕاستی دا من زۆر تامەزرۆم

به ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بەوەی کچێکی بە ئەدەب و بە حەیا و شایستەی هەموو شتێکی، بۆیە ئەگەر قەبوڵم بکەی کە چەند دەکەم ناتوانم لە بیرو مێشکم بتسرمەوە، ئەویش بەو مانایە دێت کە تۆ شیاوی هەموو ڕێزێکی، بۆیە حەزدەکەم لاپەڕەیەکی تازدم لەگەڵدا بکەیەوە، دیارە خۆشویستن بەزۆر نیەو جەنابت سەرپشکی، ئەگەر بشزانم ڕەتم دەکەیەوە بەڵێنت دەدەمێ ئەمە دواجارەو چیتر لەم ناوەم نادینیەوە، ئیتر نەدێمە سەر ڕێت و نە بەم دەورە گوزەر دەکەم کە تۆی پێدا تێدەپەڕیت.

ئەو نەیدەزانی من پێشوەختە بڕیاری خۆم داوە قەبوڵیکەم، نەمویست خۆم وا نیشان بدەم بە چەند وشەیەکی سەرپێیی دڵم نەرم بووەو دێمە بن بارەوە، نەختێك خۆم گرانکرد: ئاخر ئەم بابەتە مەسەلەیەکی هەستیارەو بیرکردنەوەی گەرەکە.. بیرێکی لێدەکەمەوە.. دەی بە یارمەتیت.

+فەرموو.

بە دەم پێ هەڵێنانەوە هەنگاومنا، ئەو چۆن لەجێی خۆی وەستابوو، بەیەکلادا نەڕۆیشت و منیش پێش ئەوەی لەو کۆلانە بەلای کۆلانەکەی بەرەوە وەرچەرخێم، ئاوڕێکی خێرام لێ دایەوە.. شێرکۆ چۆن چاوی تێبڕیبووم، بەو شێوەیە تێمڕاما بوو، منیش هێدی هێدی بەرەو قوتابخانە شۆڕ بوومەوەو لە هەموو کاتێك زیاتر دڵم بەو دیدار و ئەو چەند قسەیە خۆشبوو کە هەردوکمان لەگەڵ یەکتردا کردمان.

* * *

# بەشی پانزەم

ئەو ڕۆژە تەنها بە جەستە لە قوتابخانە بووم، وەئەگینا بە دڵ و مێشک لە جیهانێکی دیکە دەسووڕامەوە، بەکلۆجیێ مامۆستای بابەت خەریکی وتنەوەی وانە بوو، من لەجیاتی گوێگرتن ، هەست ڕاگرتن ، بزانم مامۆستا چی دەڵێ و باسی چی دەکات، هزرم بە شێرکۆوە خەریکما.

بۆ ئێوارێ، دوای نانخواردن بە پاساوی سەرقاڵبوون و سەعی کردن ڕوخسەتم لە ئامینە وەرگرت و چومە ژورەکەی خۆم، لەسەر جێیەکەدا لەسەر پشت ڕاکشام، سەرم بە دیوارەکە داداو کتێبی کوردیم بەهەردوو دەستم گرتبوو، وەکو ئاماژەیەك گوایە خەریکی خوێندنم، بێئاگا لە باس و خواسی شتەکانی نێو کتێبەکە، کەوتبومە شەن و کەوکردنی کەسایەتی شێرکۆ ئاخۆ چۆن هەڵیبسەنگێنم بزانم چ کوڕێکەو بە چ ڕاز و نیاز و نیەتێکەوە لێم هاتۆتە پێش ؟ ئایا ئەو کەسەیە ، ڕاستگۆو دەست و داوێن پاك، خیانەتم لێ نەکات ئەگەر بەیانی ڕووبەڕووی بومەوەو پرسیاری ئەوەی لێکردم چ بڕیارێکم داوە، وەڵامم چیبێ ؟ چۆن وەڵامی بدەمەوە؟. گەلێ بیرم هێناو برد، جوان خۆم بۆ هەر ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی ئەو دیدارە ئامادەکرد.

ڕۆژی پاشتر چ جای خۆڕازاندنەوەو لەبەرکردنی جلوبەرگێکی پۆشتەو پەرداختر لەو بەرگەی دوێنێ کردبوومە بەر، ماڵێم بەرەو قوتابخانە جێ هێشت و لە هەمان ئەو شوێنەی دوێنێ لێی وەستابووین و شێرکۆ چاودێری دەکردم.. لەدوورەوە کە چاوم پێیکەوت ، دڵەکوتێم زیادی کرد، هەوڵم دا بەسەر نەفسی خۆم زاڵبم و خۆم وا نیشاندەم ئاساییم، پەیتا پەیتا لێی چوومە پێش تا گەیشتمە ڕاستی و بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە سەرم هەڵبڕی:

- بەیانیت باش.

بەم بەیانی باشە ،کوڵێ کەیفساز بوو:

+ وەی هەموو بەیانیەکت باش، سوپاست دەکەم.

ئەو کۆڵانە چونکە هاتوچۆی زۆری بەسەرەوە بوو، چاوێکم دایە دەوروبەر و بەخێرایی پێم وت:

- من، یەکەم شت حەزناکەم دوورونزیک دەستت لە دەستم بکەوێ و وەکو کچانێ نیم دەستم بۆ ببەی، یا ماچکردن و شتی لەو بابەتە ببێ و قسە نەکەم و بێدەنگ بم، مەبەستم لەو قسانە ئەوەیە با یەکدی ناسینمان بێتە بنەمایەك تا لە دەرفەتێکدا بێیە پێش و پرۆسەی هاوسەرگیری بەیەکەوە ئەنجامدەین.

شێرکۆ هەمان بۆچوونی دەربڕی:

+ هەر ئەمەش بەرنامەی منە.

ئەوجا گوتم:

- تا کەس بەم کەینوبەینە نەزانێ ، لە هەفتەیەکدا چ رۆژێکت پێخۆشە دیاری بکەو لەورۆژەدا یەکتر دەبینین و لەم ڕووەوە قسە دەکەین، بەڵام دوبارەی دەکەمەوە، من لە هەر شتێك زیاتر نیەت پاکیم گەرەکە.

شێرکۆ گەنجێکی تازە هەڵچوو، قەدو باڵایەکی بەرز، نە زۆر ناشیرین ، نە زۆر جوان، لە قوتابخانەی خۆیاندا وەکو من پۆلی پێنجەمی وێژەیی بوو.. هەموو پێنج شەموانێك من و ئەو بەهۆی کەمی دەوامەوە یەکدیمان دەبینی.. من بێ پەروا کولەمەرگی و نەهامەتیەکانیماڵەوەم بۆی باسدەکرد، تاوەکو بۆ پاشەڕۆژ شتەکانی بەلاوە نامۆ نەبێ، ئەویش بە هەمان شێوە باسی خۆی و ماڵەوەی بۆدەکردم کە لەرووی باروبژێو و گوزەرانەوە هەبوونەو خواپێداو بەڵام لەوانەش نین دەوڵەمەندیەکەیان بە پەنجەی دەست بژمێردرێ، تاقە گرێ و گرفت لە دەروونی شێرکۆ ئەوە بوو هەمیشە باسی دایکی دەکرد بەوەی گەلێ خۆشی ویستوەو لەچوونی بۆ بازاڕ ، بەر ئۆتۆمبێل دەکەوێ و دەمرێ، دوای ماوەیەکی کورت باوکی ژنێکی دی دێنێ، ژنێکی خراپ، بەڵام چونکە ئەو تاقانەی ماڵەوەیە باوکی هەمیشە پشتیوانی دەکا، هەرچەندە ئەمەش بەو مانایە نیە ئەو بە تەواوەتی پشتیش لە ژنەکەی بکات.. من دڵیم دەدایەوەو ئەوەیش دڵی دەدامەوە، بەڵام جیا لە باوەڕنی شێرکۆ، نامینەی باوەڕنم ئافرەتێکی گەلێ چاك و باش و بەڕێزە، تەنها کۆستی ناوادەی دایکم و گەوهەری خوشکم کارەساتێکە چەندی دەکەم ناتوانم لەمێشکمی دەربکەم ، زۆرجار بە بیرکردنەوە لەو کارەساتە دڵتەزێنە لەبەرخۆمەوە دەگریم.

پێش ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ و دەرفەتی چونەوەمان بۆماڵ، لە

دیدەنیەکدا شێرکۆ وتی:
- ئیمە هەردوکمان لەبەردەم تاقیکردنەوەداین، پێویستمان بە کات و دەرفەتی گونجاود بۆ ئەوەی بەکتێبەکاندا بچینەوەو بخوێنین، دیارە خۆخەریککردن بەو بابەتانەی زۆر گرنگن ڕەنگە بۆ ئەزمونەکانمان باش نەبن، بۆیە حەزناکەم لە کاتت بگرم و بۆ منیش هەروا، جا ئەو ماوانە لەجیاتی بیرکردنەوەمان لە یەکدی، با گرانایی خۆمان بخەینە سەر کتێبەکان، تا ئەو ساڵەی خوێندنمان بەفیڕۆ نەڕواو بتوانین پاشەڕۆژێکی باش و ڕازاوە بۆخۆمان مسۆگەر بکەین، چونکە ئەمساڵ دەروازەیەکی گرنگە بۆ ساڵی داهاتوو، پۆلی شەشەمیش یەکلاکەرەوەی هەموو ئەو ساڵانەیە کە تیایدا خوێندوومانە، حەزیش دەکەم مژدەی ئەوەت بدەمێ، دوای تەواوبوونی ئەزموونەکان یەکسەر دێمە خوازبێنیت، بە بڕوای من ئەو ماوەیە بەسە تا تەواو لە یەك گەیشتبین و بزانین نیەتمان چیە.
ئەو ڕۆژە حەزم نەدەکرد لێك دابڕێین:
+ بەڕاستی مژدەیەکی خۆشەو دوای کۆتایی ساڵ هەوڵدەدەم لەڕێی ئامینەوە ئەو پشتگیرییە بە دەست بێنم کە ئێوە هاتنە پێش، کاریگەریەکی ئەوتۆی بەسەر باوکمەوە هەبێ ،باوکم ناڕدزایی دەرنەبڕێ و شتەکانیش بە قازانجی هەر دوولامان تەواو بێ.
لە قوولایی دەروونەوە پێی وتم:
- من ئامادەم لەپێناوی تۆدا قوربانی بەخۆ بدەم، خۆشتم دەوێ، توخوا لەبەر خاتری من و پاشەڕۆژمان گرنگی بە خوێندنەکەت بدە، با نەمێنیەوە، باشە دڵەکەم؟
+ وەی بەسەر چاو.
- دەباشە ماڵئاوا، خواحافیز؟!
+ خواحافیزتبێ.
دوای جیابونەوەو ئەو بڕیارەی بەیەکماندا، پەست و نیگەران بووم، چونکە حەزم دەکرد نەك هەفتەی ڕۆژێك، بەڵکو ڕۆژانە بیبینم، ئاوا تامەزرۆ ببووم، دەمووت:
- دەبێ کەی ئەو ماوە زۆرە تەواو بێت.
ئەو ماوەیە زیاتر بایەخم بە خوێندنەوەو پێداچوونەوەی کتێبەکان دەدا و شەوانە بۆ ماوێکی کورتیش بوایە بە تایبەت پێش نوستن ، شێرکۆ و قسەکانیم دێنایە پێش چاو و بەدەم دەیەها خولیا و هیوا و ئاواتەوە ، ئەوجا دەنوستم.

* * *

# بەشی دوانزەم

بەوپەڕی دڵ دامەزراوی سەعی کردنم کردبووە سەرجەلەو هەوێنی ئەو ڕۆژانـەی بـۆ ماڵەوە ئیزن درابووین، سـەعیەکی باشـم کـرد و بـە متمانەیـەکی زۆر و بـاوەڕێکی پتەوەوە ڕۆژانە کـە دەچـوومە هـۆڵی ئەزمونـەکان و لەوسـەریەوە بـە دڵگوشـادی و خۆشیەوە لێی دەردەچووم.. ئەوەی مایەوە ئەوەبوو دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە، لـە دەرفەتێکدا من و شێرکۆ یەکدی ببینین و دەستنیـشانی وەخـتێ بکـەین، هـەم ئـەو ئامادەباشی خۆی وەربگرێ و هەم منیش کار بۆ ئەوە بکەم کاتێ هاتنە پێش، بـاوکم بەو خزمایەتیە ڕازیبێ. وەلێ ئەفسووس ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد ڕوویدا.

شەوێکیان باوکە کلۆڵ و داماوەکەم چ جای خواردنەوە، تا بەرەبەری بـەیان خـەریکی قومارکردن دەبێ و هەرچیەکی لەباخەڵی دەبێ ، هەمووی دادەنێ و دێتە سەر ساجی عەلی ونەختێ پارە لـە نـازم نـاوێکی هـاوپێڕی قـەرز دەکـاو ئـەویش دەدۆڕێنـێ.. نەختێکی تری لێ قەرز دەکاو ئەویش دەدۆڕێنێ، تا کار بەوە دەگات ، دواجـار نـازم پێی دەڵێ:

- ئەو پارەیەت بەو مەرجە دەدەمـێ ئەگـەر بیدۆڕێنی دەبـێ لـە نـۆژەدا کـچەکەتم بدەیتێ.

نازم یەك دووجار هاتبووە ماڵمان، دیاربوو جوان لەمن ورد بۆتەوە چـۆنم وچـۆن نـیم، بۆیە ئەو بڕیارەی داوە، باوکم لەتـەك ئـەو هـەموو پـارەی لێـی وەردەگـرێ، دەسـت هەڵناگرێ و لێی دەبێتە مەراق، بەو ئومێدەی شانسی هەڵسێ و لە دواساتەکانی ئەو قومارکردنە بباتەوە، بۆیە دەڵێ:

+ باشە، لەسەردەستی ئەو جەماعەتە ، تۆ ئەو پارەیەم بدەیە، ئەگەر بـەخت یـاوەرم

بوو باشه، ئەگەرنا سبەی وەرە کچەکەم ببە.
دەبێ چ شتێ لەوە پڕ سوێ و ناخۆشتر بێت باوکێ لەپێناو هەوەس و خولیایەکی چەند چرکەیی سەرمێزی قومار، کچی خۆی بدۆڕێنێ؟!.
ئەو بەرەبەیانیەی باوکم گەڕایەوە ماڵ، زۆری خواردبۆوە، بەلادا دەهات و بە غـەمبار و پەشۆکاویەوە بێ ئەوەی قسەیەکی لەدەم دەرپەڕێ، بە جل و بەرگ و پێڵاوی پێیەوە خۆی فڕێدایە سەر سیسەمەکەو ئەوەندەی نەبرد خەو بۆ خۆی بردەوە.
کاتێکیش بەیانی نان و بەرچایی ئامادەکراو ئامینە بەخەبەری هێنا تاوەکو نانەکـەی بخوات، بە قیز و بێزەوە:
- لێم گەڕێ با وەکو سەگ بتۆپم، بەڵکو ئەوە خوایە لەکۆڵ ئەو ژیانە دەبمەوە.
ئامینە بە هەردوو دەستی بەسینگی خۆی کێشا:
+ خوانەکا یاخوا.. هیچ بووە.؟
بە زەلیلیەوە نەختێ سەری هێناو برد:
- بڕۆ بانگی ئەو کچەم بۆ بکە.
ئامینە بە هەلەداوان هاتە لام:
+ باوکت حاڵی باش نیە، دەڵێی شتێکی لێ قەوماوەو داوات دەکا.
سەرسام بووم:
- عەجەب بەو بەیانیە بۆ داوام دەکا؟
ئامینە لە وەڵامدا: تێناگەم، هیچی نەوت.
لەجێوە ڕاست بوومەوەو بەیەکەوە چوینە لای، لە بەرامبەری دا هەڵوەستەیەکم کـرد:
فەرموو بابە.
باوکم لەسەر جێیەکەی ڕاست بۆوە ، باری خۆی بۆ سـەر دانیـشتن گـۆڕی و بـەقووڵی کەوتە تێڕامانم، تێڕامانێك کە هەواڵی ترسێکی نادیاری دەبەخشی.. حەپەسـام، بـە شڵەژاوی قسەکەم دووبارە کردەوە:
- فەرموو بابە، ئیشت هەبوو؟
باوکم چاوی لێ نەتروکاندم و هێنـدەم زانـی داچـەماوە سـەر ئـەژنۆ ، دایـە پرمـەی گریانێکی بەکوڵ و کەوتە پاڕانەوە:
+ توخوا کچە نازدارەکەم بمبوورە، کەرایەتیەکم کردوە و قـەت ئـەوە بەرنامـەی مـن نەبووە، نازانم چۆن ئەو بی ئەقلّیەم کرد.. کچەکەم، مان و نەمان و ژیانم بەندە بەتۆ و

لەدەست تۆیە، دەنە دەمکوژن.

لەناخەوە کڕوزەم لێ هەڵسا، بەتەوسەوە:

+ ئێ چیبووە باوکەگیان، کێ دەتکوژێ ؟بۆدەتکوژن؟

لەگریانەکەی نەکەوت و بەزمانی وەتەتەڵەوە:

- ئە... ئە... ئەو نازم..مە.... م.. مـن ئەمـشەو تـاوانێکی مـەزنم ئەنجامـداوە، چ پارەوپولێکم لەباخەڵ بوو، هەموویم لەسەر مێزی قومار داناو کەوتە قـەرزکردن لـەو نازمەو هەر ملم نەدا بەو ئومێدەی ببەمەوە، هەرنا بە مایەی خـۆم هەڵـسم.. قـەرز لەسەر قەرز.. دۆڕان لەسەر دۆڕان، کار بەوە گەیشت لەبڕی چەند هەزار دینارێ ، تـۆ هەڕاجکەم، واااای کە مردەنیە، چیم بەخۆم کرد...من لە گەوهـەر عـارم نەیـەنا، وا تۆشی هاتە سەر.

باوکم کەوتە پێ ماچکردنم و بە زەلیلی دەپاڕایەوە:

- ئەو پێیانەت ماچ دەکەم، بگە فریام، توانـای گرتوخانـەم نیـە و پـێش هاتنـەوەم هەڕەشەی شکاتی کردوە ئەگەر ئەمڕۆ هاتە ئێرەو تۆی نەدەمێ... نازانم سەری کاسم بۆ کوێ هەلگرم و کەسیش نیە لەم رۆژگارە قەرزەکەم دەفعکا.. توخوا بەزەییت پێما بێتەوە، زۆرت لێ ناکەم.

لەهەموو ژیانمدا باوکمم بەو ڕەزیلی و داماویە نەدیوە ئەوها بپاڕێتەوەو نەیـەوێت بـە هەڕەشە و گوڕەشە بەشوومدات.. ئـەو میهرەبانیـەی بـاوکم دوای مردنـی دایکـم و گەوهەر بەرامبەر من و فاتێ دەینواند وای لێکردم پـێ بـە ڕۆح و جـەرگی خۆمـەوە بنێنم، چ جای گریانێکی بەکوڵ لەتـەك ئـەو گریانـەدا و تـاوەکو تووشـی گێـچەڵ و کێشمەکێشم نەیەت، ڕەزامەندیم دەربڕی بۆ شووکردنێکی نابەدڵ:

+ بابەگیان، لەپێناوی تۆ ئامادەم سـەری خـۆم بەفەلاقەوەکـەم.. توخـوا بابـە گیـان تکادەکەم هەڵسە، من ئەو مرۆڤە نیم، تۆ لەبەردەمم بنوشتێیتەوە و قاچـەکانم مـاچ بکەیت، توخوا بەم کارە هەستم بریندار مەکە، دەی هەڵسە، ئەی تۆ باوکمنی؟!

باوکم بەگوێبیست بوونی ئەو قسانە، لەجێوە ڕاست بۆوە وەك یـەکێك لـە مردنێکـی حەتمی رزکاری بووبێ، دلگوشـاد بـوو، تونـد باوەشـی پێداکردم و نـەملاو ئـەولای ڕوومەتی ماچکردم:

- کچم خوا ڕاوەستاوتکاو دەست بە باڵتەوە بگرێ قـەت تووشـی ئـەسکۆ و ئێشـت نێی، لێرەوە تەوەت پێ ڕادەکەیەنم و کوو دەخۆم نەکەر جارێکی تـر ... لـە ...

بدەم و قومارکەم؛ تا مردنیش هـەرگیز ئـەو هەڵوێستە جـوان وجوامێریـەت لـەیاد ناکەم.

دوبارە ئەملاو ئەولای ماچکردم.

لەدەروونەوە بەخۆمم وت:

+ واای ئەمە چ زەمەنێکە تیێی کەوتووین؟ خوا ڕاستی فەرمووە: ❊ئێوە هەندێ شت هەیە بەشەڕی تێدەگەن کەچی بەخێر بۆتان دەگەڕێتەوە❊.. فەرموو من بەتەمای چی و بەتەمای کێ بووم، کەچی بـۆ لـەزەت و بەسـەربردنی قومـاری چـەند سـەعاتێکی سەرمێز، تووشی چ داوێك بووم؟).

لەبـەرە بـەری چێـشتەنگاوێکی درەنگـدا، نـازم و دوو ئـامۆزای هاتنـە ماڵمـان و مەبەستی هاتنەکەیان دەربڕی.. باوکم پێی وتن:

- کچەکەم ڕازیکردوە شوت پێ بکا، بەڵام وەکو دەڵێن قسە لەم سەریەوە خۆشە، من ئەو کچەم لە ڕۆحی خۆم زیـاتر خـۆش دەوێ، دەمـەوێ لەگـەڵی باشـبی و ئەزیـەتی نەدەی، ها نەڵێی دەی مادام بە قومار بەدەستم هێناوە، بەچاوی سوك سەیری دەکەم.

نازم وتی: بەدڵی تۆ دەبێ و لەوەدا بێخەمبە.

نازم بە دەساڵ لەمن گەورەتر بوو، بەڵام لە ڕەنـگ و ڕوودا هـەر گـەنج دیـاربوو، بـۆ شەوێ منیـان لێ مـارەکرد ، دوای شـت کـڕین، لـە ڕێـوڕەسمێکی شایـستەدا منـی گواستەوە.

❊ ❊ ❊



# بەشی سێنزەم

ئەو تێڕوانینەی من لە سەرەتادا بەرامبەر بە نازم هەمبوو، وادەرنەچوو، زۆر لەگەڵم حەلیم و نەرم و نیان بوو، تەنانەت دەرفەتی ئەوەی پێدام لە قوتابخانەکەی تەنیشت ماڵیاندا درێژە بە خوێندن بدەم، تاقە شتی خراپ لەویدا بەدیم کرد تەنها خواردنەوە بوو، وێڕای دەوڵەمەندیەکەی، بەڵێنی پێدام کە رەنگە تەرککردنی خواردنەوە وا سوک و سانا نەبێ، بەڵام هەوڵدەدا بەدرێژا واز لەویش بێنێ و دەست بە نوێژکردن بکات. هەموو ئەو شتانە وایکردبوو گومانەکانم ببنە بلقی سەر ئاو و بە تۆزقاڵ لەو شوکردنە پەشیمان نەبم، هەرچەندە جار جار مەلی ئەندێشەم بەرەو لای شێرکۆ هەڵدەفڕی و دەمووت:

- دەبێ ئێستا چیبکا؟! دەبێ زانیبێتی من شوومکردووە؟!

لە دوو هەفتە جارێ، هەندێ جار بە سێ هەفتە جارێك بە سەردان دەچوومەوە ماڵی باوکم و ئەو دواکەوتنەش وەنەبێ بڵێم نازم لەگەڵم خراپەو ڕێ لەو هامووشۆیەم دەگرێ، هەر خۆم وام پێخۆشبوو، وەك دەڵێن دووربەو پووربە، بەهۆی سەرقاڵبوونم بە ڕێکخستنی کاروباری ناوماڵ لەلایەك و قورس و گرانی دەرسەکان، کە ئەو ساڵە دوا قۆناغی خوێندنی ئامادەییم بوو، دەبوو بە بایەخەوە سەر بە کتێبەکاندا بگرم و پشتگوێیان نەخەم، هەرنا بتوانم بە نمرەیەکی باشەوە بچمە کۆلێژێکی باش و بڵێ ئۆخەی بەری ڕەنجی ئەوەندە ساڵەم بەهەدەر نەچوو.

هەرچی جارێ بەسەردان دەچوومەوە ماڵی باوکم، ئامینە بەپەرۆشتر لەباوکم تێرتێر ئەملاو ئەولای ماچ دەکردم و بەخۆوەی دەنوساندم وەدەستی بۆ کردبوومە پردێ بەسەرێدا بپەڕمەوە، وەك هەمیشە لە خەمم دابێ، بەردەوام لە حاڵ و ئەحواڵ

دەپرسیم:
- تۆخوا نازم لەگەڵت چۆنە؟! خۆ مورتاحی؟! ئەی ژیان و گوزەرانتان؟!
بەخۆشحاڵیەوە دەموت: لەخوای بەزیادبێ ئەوەی عەیبە نیمانەو رێك و تەباو رەباین ، رێزم دەگرێ، رێزی دەگرم، ئێ ژیانیش هەر ئەوەیەو تەواو.
شێرکۆ پاش تەواوبوونی ئەزمونەکانی پۆلی پێنجەم کە بە سەرکەوتوویی دەردەچێ و نازانێت چۆن ئەم هەواڵە بە من بگەیەنێ، دوو مانگی رەبەق رۆژ نا رۆژێ یان لە هەفتەی دوو جار بە بەردەوام بە کۆڵانەکەی بەر ماڵی باوکم گوزەر دەکا و چاوێکی دەداتە بەر قاپی حەوشەمان، بەڵکو لەو ئان و ساتەدا دەرگاکە بکرێتەوە و تەماشایەکی ناو ماڵمان بکا، بزانێ ئاخۆ لەوێم یا نا، یان لە هاتنە دەرەوەدا بمبینێ و خۆی بگەیەنێتە لام، تا زۆر بەخێرایشبێ کار بۆ دەستنیشانکردنی وەختێ بکەین، ئەو بێتە پێش و زۆر بە زوویی هەموو ئیشەکان رایی و بەکۆتا بێنین، وەلێ لەو گەڕان و سووڕان و هاتوچۆیەیدا هیچ بەهیچ ناکا ، گەلێ بێزار دەبێ ، سەدەها گومانی جیاجیای لەناخ دەرسکێ و ناچار لە بێ ئومێدی خۆیدا رۆژێکیان کاتێك (شنۆ)ی کچە دراوسێکەمان دێتە بەرقاپی حەوشەو خەریکی پاکردنەوەی بەردەرگا دەبێت، شێرکۆ بە تاسەوە لێی دەچێتە پێش و بە هەڵپەیەکەوە پرسیاری منی لێ دەکات.. شنۆش بێ پەروا پێی رادەگەیەنێ کە من شووم کردوە. ئەویش بەم هەواڵە رەنگ و رووی بۆ چەند رەنگێك دەگۆڕێ و خۆی بۆ ناگیرێ:
- ئاااااخ ئەوە چۆن وایە؟ چۆن زاتی ئەوەی کرد شووبکات لە کاتێکدا بەڵێن بوو شوو بە من بکا و هەر لەو ماوانە بچمە داخوازی.
شنۆ بۆی دەردەکەوێ ئەو کوڕە پەیوەندی لەگەڵ مندا هەبووە، ڕاست و رەوان پێی دەڵێ: ئەو کچە بەستەزمانە ، باوکە ئارەق خۆرەکەی شەوێکیان چ پارەو پوولێکی پێ دەبێ هەمووی لە قومار دەدۆڕێنێ و هەر لەوێ دەکەوێتە قەرز و قۆ و ئەوەی وەریدەگرێ هەمووی دادەنێ و دواجار ئەو کچەشی دەدۆڕێنێ، بۆیە....
شێرکۆ نایەوێ لەوەزیاتر گوێی لێبگرێ، یەکسەر رووی خۆی وەردەگێڕێ و چۆن ئەو نازە جێ دێڵێ، چیتر پێیدا نایەتەوە.
بە بیستنی ئەم هەواڵە زامی کۆن و نوێم هاتە سوێ و ناچاریش بووم دان بەخۆما بگرم و هەوڵدەم پەیتاپەیتا لە بیرو هزرمی بسڕمەوە.. هیچ لەگەڵ قەدەری خوا ناکرێ.

واى تاقیکردنەوەى ئەزموونەکانى بەکەلۆرى پۆلى شەشەم بە هەفتەیەک نازمى لەسەرم و دوو لە هاوڕێکانى بۆ خۆ سەرگەرم کردن دەچنە دەرەوەى شار و تا ڕەنگى وەخت پێکەوە دادەنیشن و نکتە لێدەدەن.. مەزە ئامادە دەکرێ و دەست بە خواردنەوە دەکەن.. لەڕێى گەڕانەوەدا نازم هێند بەخێرایى سەیارەکە لێ دەخوڕێ، لە پێچێکدا سوکانەکەى لەدەست وەردەگرێ و سەیارەکە دوو سێ تەقلە لێدەداو تەنها ئەو بە سەختى زامدار دەبێ، ئەفسوس دواى دوو سەعات مانەوە لە نەخۆشخانەى فریاکەوتن، گیانى لەدەست دەدا...

واااای کە بۆى گریام و فرمێسکم بۆى ڕشت، چەنێ پرچم ڕنیەوەو بە چەپەڕۆک ڕوومەتى خۆم زامدار کرد:

- نازمەکەم ڕۆ، نازم گیان.. وەى بەقوربانت بم، لە دەورت گەڕێم، بۆت بمرن، ئەوە بۆ وات لێهات، بۆ جێت هێشتم.. نازمم ڕۆ، نازم گیان.

هەستم بە بەو کۆچە ناوادەیە، دنیام لەپێش چاو تاریک داهات، زۆر نووزامەوە، هەستم بە نامۆیى خۆم دەکرد، ئەو نازمەى سەرەتا هەزار و یەک گومانم دەرهەقى پەیدا کردبوو، کەچى کەسێک دەرچوو، ئەو خواردنەوەى لێ دەرچێ وەک سەرى خوارد و سەرى بە فەتارەت داوە ئەگینا بەماناى وشە پیاوبوو، ئارامى و ڕەفتارى نەرم و نیانى وایکردبوو زۆر کەڕەت لەبەرخۆمەوە بڵێم: دەبێ ئەمە خەون نەبێ و من خەون نەبینم؟!

چونکە لە نازو نیعمەتێکى وا دەژیام، لەهیچم کەم نەبوو.. بە مردنى ئەو، حاڵ و ماڵێکى بێ شومار و خانویەکى پانوپۆڕم بۆ بەجێما، بەڵام ئەم هەموو شتە زۆرە ناکاتە پەنجەیەکى نازم و خۆزگەم دەخواست لە کەلاوەیەک بژیامایە نەوەکو نازم ئەوهاى لێ بێ، نەمتوانى ، دڵم بەرایى نەدەدا لەو خانوەدا بمێنمەوە، کە تازیەکە تەواو بوو، هەرچى کەلوپەلێکى ئەو ماڵە هەبوو لە کۆگاى نێو خانوەکەم پەستا، دەرگام لەسەرى کلیل داو خانوەکەم بەکرێدا، خۆشم چوومەوە ماڵى باوکم و ئەو کرێیەى مانگانە وەرم دەگرت، هەموویم بۆ ماڵەوە خەرج دەکرد.

ناوى قوتابیان ڕاگەیەندرا، من لە کۆلێژى ئاداب ناوم دەرچوو، تەنازولم کرد بۆ بەیانگاى مامۆستایان و لەو بەشەى بۆى چووم، بەشى ئینگلیزى چەندین کوڕى ئەوێ خۆیان خستەگەڕو بە دەورمدا هاتن ، وەلێ هیچیان لێ سەوز نەکردم تا پەیوەندى خۆشەویستیان لەگەڵ گرێدەم، بۆیە بێ پەروا دەمووت:

- من پیاوم هێشتا کفنی زەرد نەبوەو بە ڕووداوی سەیارە مردوە، بۆیە حەزناکەم کەس بەهیچ نیەتێکەوە لێم بێتە پێش.

بەم قسانە وامکردبوو ئەو خەڵکە هەر بەزوویی لەکۆڵ خۆم بکەمەوە، پێشتر بۆیان باسکردبووم پەیوەندی ئەڤینی کۆلێژ و پەیمانگاکان پەیوەندیەکی نەخۆشە، کوڕان تا لە کچێك نزیك دەبنەوە قیڕ سپی دەکەن، کاتێکیش دەستی خۆیان دەبینن تا پێیان بکرێ بە کچەی بەستەزمان ڕادەبوێرن و لە بێزاربوونیشیان دا، کەی هەوەسیان لەسەری لاچوو، پشتگوێیان دەخەن، ئەوجا وەك شانازی بەخۆوە بکەن، لێرەولەوێ نهێنی ئەو پەیوندیە دەدرکێنن کە ئەو کچە ڕەسمی داوەتێ یان دەستی بۆ درێژکردوەو واو وای لێکردووە.. ئەم شتانە وایکردبوو جگە لە بێ خولقی و کەسەری کۆچی نازم و جگە لە خوێندن، بیر لە هیچ شتێکی تر نەکەمەوە، هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ئەو ساڵە بێ هیچ گیروگرفتێك پۆلی یەکەمی پەیمانگا بە سەرکەوتوویی ببڕم.

* * *

# کۆتایی

پشووی هاوینم بە بیرکردنەوەی بێ ئامان و بەردەستی فاتێی باوەژنم و یارمەتیدانی بەرێکرد ، ناوە ناوەش بەیەکەوە دەچوینە سەردانی خزم و دۆستان و درەفەتم لەبەردەم ڕەخسابوو بچمە دیدەنی دەستە خوشکەکانم، بەتایبەت ئەوانەی ماڵیان لە گەڕەکەکەمان نزیک بوو.

هاوین ڕابورد، دەرگای پەیمانگا کرایەوەو پێم نایە دواساڵی خوێندن، لە سەرەتای دەستپێکی خوێندندا، ڕۆژانە تاك و تەنیا دادەنیشتم و مەلی ئەندێشەم بەرەو جیهانێکی نادیار هەڵدەفڕی، ئەویش بیرکردنەوە بوو لە کۆچی دایکم و گەوهەر و پاشتر کۆچی نازمی هاوسەرم، بۆیە هەستم بۆ هیچ نەدەجولا، ئەوەی بەلامەوە گرنگ بوو تەنها ئەوەبوو بایەخ بە خوێندن بدەم و ئەو ساڵەی خوێندنیش بێ کێشمەکێشم تەواو بکەم و بە مامۆستایی دامەزرێم، هەرنا کەش و هەوای خۆم بگۆڕم، جا بۆ ئەو دەمە خواکەریمە بڕیار لەسەر شوکردنەوەم بدەم یا هەروا تا ساڵانێ بە بێوەژنی بمێنمەوە.

هەندێ لە کچە قوتابیەکانی بەشەکەمان زۆر کەڕەت بە بەکارهێنانی وشەی بێوەژن هەستیان بریندار دەکردم، لەناخەوە بێزم لەخۆ دەبۆوەو هەستم بە کەمی دەکرد، هەرچەندە بە کردەنی خۆم شێلو نەدەکرد وەکو بابایەك نە بام دیبێ نە بۆران.

بۆ ئەو ساڵە پۆلێك قوتابی کچ و کوڕ لە قۆناغی یەکەم وەرگیران و وەکو داب و نەریتی ساڵانە ئاهەنگی پێشوازی ساڵی نوێ سازدرا ..ئەو ڕۆژە بووبووە بنەمای بەیەك گەیشتن و سەرەتای دروستبوونی پەیوەندیەکانی نێوان کوڕ و کچ و هەوڵدانی هەریەکیان بۆ ئەوەی لەو دەرفەتەدا قلێك بۆ خۆیان پەیداکەن.

من کاڵتەم بەو دیاردەیە دەهات ، ناهەتم نەبوو چونکە لەوەتەی خۆم ناسیوە جگە لە مەینەتی و مەرکەسات و کولەمەرگی رۆژگار، تام و لەزەتم لەژیان نەچەشتوە، تەنها ئەو ساڵە نەبێ کە شووم بە نازم کرد و ناز هەڵگرتنی نازم بۆ من هەموو خەم و خەفەتێکی رابردوی لەبیر بردبوومەوە، بەقوربانی خوایم تەمەنی درێژ نەبوو، بەنامورادی سەری نایەوە.
ئەو رۆژەی ئاهەنگی پێشوازی نەبووە هۆکارێك بۆ ئەوەی دڵم ختورەی لابەلا بکاو هەستم ببزوێ، بۆیە خولق و خووی چوونە ناو ئەو حەشاماتەم نەبوو، چۆن لەسەر کورسیەکی نێو گۆڕەپانەکە بە حەپەساوی و زەلیلی دانیشتبووم، ئێستاش هەڵنەستام و لەجێوە بێ هیچ مەبەستێك چاوم بڕیبوە ئاپۆرای ئەو حەشاماتە بێ شومارەی وەکو شارە مێروله بەردەوام لە جمەدا بوون، پێڕێك دەهات و پێڕێکی تر تێدەپەڕی.. بەقووڵی لەکەس ورد نەدەبوومەوە.
دوو گەنج بەتەنیشتمدا تێپەڕین، یەکێکیان لەجێوە چەقی و بە هەڵپەیەکەوە چاوی تێبڕیم.. منیش زۆر بە ئاسایم وەرگرت، سەرم هەڵبڕی بزانم ئاخۆ ئەوە کێیەو بۆ لەجێوە چەقیوە، وەلێ چاو ئەبلەق بووم کاتێك بینیم ئەوە شێرکۆیە.
شێرکۆ دەمی بەشبۆوەو بەشڵەژاوییەوە:
- ئـ.. ئـە..ئـ.. ئەوە تۆی؟
تیلە نیگایەکی بەمەغزام دایێ و سەرم داگرت، لە دەرونەوە بەخۆمم وت: (وای پێش شوکردنم بە نازم چەنێ حەزم دەکرد تۆ زوو بهاتبایەتیە پێش و داخوازیت بکردایە، ئەسەف لەگەڵ قەدەر هیچ ناکرێ).
شێرکۆ هەمدیسا پرسیەوە: (ئەوە تۆی؟)
لەجێوە ڕاست بومەوە، بەدەم بزەیەکی سازگارەوە:
+ ئەوە تۆی شێرکۆ؟! چۆنی؟ باشی شوکر؟ ئەوە خێرە لێرەی؟
- بڵێم چی؟ ئەمساڵ لێرە وەرگیراوم، ئەی تۆ؟
+ ئەمساڵ دواساڵمە.
- بەڕاستی خۆشحاڵبووم بە بینینت.
+ هەروەها منیش.
هەستم کرد نەیویست لەبەر هاوڕێکەی پتر لەگەڵم بمێنێتەوە، بە هەڵپەیەکەوە ڕوخسەتی لێ خواستم:
- جارێ بە یارمەتیت ، دواتر دەتبینمەوە.

بەدەم هەڵکێشانی ئاهێکی قوڵەوە:

+ فەرموو.

بەو دیدەنیە کتوپڕە، گۆڕانێکی دیکەم بەسەرداهات، بەرەکومانێکی دیکە ئەوەی پێشتر بەجۆرێ بیرم لێکردبۆوە وەك بلقی سەرئاو پوکایەوە بەتایبەت لەو شتانەی دەمرت تەواو ئیتر بڕای بڕی دلداری ناکەم، ڕەنگە تووش ببمەوەو دوبارە تێهەڵچمەوە.

ئەو ڕۆژە کە چومەوە ماڵ، بیرم بە شێرکۆوە خەریکما:

- بەڕاستی شێرکۆ جوان بوو.. تۆ بڵێی نەگۆڕابێ؟ ئەمە قسە نیە من دەیکەم، شێرکۆ ڕەنگە ئەو شوکردنەی من بە تاوان بزانێ، کێ ناڵێ هەر دوای من ژنی نەهێناوەو ژیانێکی تازەی دەست پێنەکردووە.. وا دامنا ژنی نەهێناوە، کێ دەڵێ تازە بەمن ڕازی دەبێ، یا دوای ئەو ڕووداوە هەست و سۆزی بەرامبەرم دەجوڵێ جارێکی دیکە پێك شادبینەوە.. ئەگەر ژنی هێناوە هەزارجار پیرۆزبێ، یا کچێکی بەگەن کردبێ و بۆ ئاینده بیکا بە هاوسەری خۆی، دڵنیام بە دیتنی شێرکۆ تۆخژەنیم پێ دەبەخشێ و وادەزانم لەڕابردووی خۆما دەژیم.

ڕۆژی پاشتر کاتێك پێم نایە حەرەمی پەیمانگاو چوومە گۆڕەپانەکە، شێرکۆ وەك لە بەیانی زووەوە هاتبێتە پەیمانگاو لە چاوەڕوانیم وەستابێ، لەدوورەوە دەستی ڕاستی ڕاشەقاند وەکو ئاماژەیەك پێم بڵێ وەرە ئەوە من لێرە وەستاوم.

بەڕۆیشتنی ئاساییەوە شەقاوم بەرەو لای هاویشت، تا گەیشتمە ڕاستی و بەپێوە:

- بەیانیت باش.

وەکو گوڵ بگەشێتەوە، ڕەنگوڕووی گەشایەوە:

+ گیانت باش.. فەرموو، ئەرێ دانیشین یا ئەوەتە پیاسە بکەین؟

شانی چەپم ڕاتەکاند:

- کەیفی جەنابتە.

دەستی بۆ کورسیە دوو نەفەریەکە درێژکرد:

+ دەبا دانیشین.

بیست دەقە، نیو سەعات زیاتری مابوو بچینە ژوورەوە، تێر تێر بەیەکەوە قسەمان کرد، دەمەتەقێیەکی گەرم و گوڕ، سەرەتا من لە دەرگای بیرەوەریە ناسۆریەکانی خۆم پێداهاتم تا ئەو ڕۆژەی لە ئاهەنگی پێشوازی دا یەکدیمان بینی، بەبیرکردنەوە لە هەندێ لە کولەمەرگیەکاندا خۆم بۆ نەگیرا، وەك تازە شین و شیوەنم نوێ بووبێتەوە،

کەوتمە فرمێسک ڕشتن و هۆڕهۆڕ کەوتمە گریانێکی بەکوڵ.
ئەویش لەگەڵمدا فرمێسک بەزدقی لەچاوانی دەبینرا..
کاتێکیش سرەی گێڕانەوە گەیشتە ئەو، زۆری کار لەناخم کرد، کە وتی:
هەروەکو بەڵێنم پێدابووی، دوای تـەواوبوونی ئەزمونـەکان بێمـە داخوازیـت و پـێش وەخت یەکتر ببینین و لەم ڕووەوە قسە بکەین، زۆر زۆر بەپێش قـاپی ماڵتـان هـاتم و چووم و ئەو کۆڵانەتانم کوتاوەو بۆ هەموو جارێك بـە نـامورادی و دەسـتی بەتاڵـەوە دەچومەوەو پەست و بێزاریش تەواو نیگەرانی کردبووم لێت بکەومە گومان ئاخۆ ئەو کچە کێ دەڵێ لێرە ماوەو ماڵیان باری نەکردوە، یا گومانم دەبرد ڕەنگە هەر ماڵتـان لێرە نەبێ و ئەو ماوانە بۆ خوێندن لە ماڵە ناسیاوێکت بووبی و دەیەها گومانی تـر، ئەمەش وایکردبوو هەست بکەم هەرچی قورسایی دونیا هەیە لەسەر شانم کۆبۆتـەوە، شەو نەبوو تا دردنگ بیر لەتۆ نەکەمەوەو گومانەکانم وەکو قەوانی سواو لێ نـەدەم: (ئاخۆ ئەو کچە بۆ نایەتە دەرەوە.. تۆ بڵێی نەخۆشبێ، هەتا نەخۆشیش بێ، بێ شـك دوای هەفتەیەك و دوان و سیان هـەر چـاك دەبێتـەوە).. خـەریك بـوو لـە حەشـەتا لەپێستی خۆم دەربچم و شێت وشبرم، تا دواجار بە خۆ نەوەستام و پرسیاری تۆم لـەو کچە ماڵەی دراوسێتان کرد و کاتێك باسی دۆڕاندنی تۆی لەلایەن باوکتەوە بۆ کـردم، بەری چاوم تاریك داهات، بڕوابکە حەزم دەکرد ببومایەتـە دلۆپـە ئاوێـك و بـەناخی زدویدا ڕۆبچوبامایە نەك ئەو هەواڵە ببیستم.. ڕێ و ڕێ گەڕامەوە ماڵ. لـەتاوا سـێ شەو و سێ ڕۆژ نان نەچوە سەرزارم، مـانم لـەخواردن گـرت، جەسـتەم وشـك بـوەوەو بەپەلە منیان گەیاندە نەخۆشخانە، زۆرجار بەدەم خەوەوە ورێنەی تـۆ و هـاواری تـۆم دەکرد: (کچێ بۆ بەجێت هێشتم؟! لەبەرچی پەیمانت شکاند، توخوا وەرەوە، توخوا بۆ دەڕۆی).
لێتی ناشارمەوە چەند جار دەهاتە مێـشکم بـە چـەقۆوە هەڵکوتمـە ماڵتـان و کـەف وکوڵی ئەو غەدرەگەورەیە لەباوکت بکەمەوە و بەبەر چـەقۆیدەم، بـەڵام باشـبوو زوو لەو ڕایە پاشگەز دەبومەوەو شەیتانم بە نەعلەت دەکـرد.. ناهـەقم نـەبوو ئەگـەر وام بکردایەز بگرە خراپتریش، چونکە ئەو ڕەوشت و ئاکارە بەرز و جوانەی لـەتۆم دیبـوو نیدی وامدەزانی لەتۆ بترازێ کەسی تر لەسەر ئەم زەویە نیەو زەحمەتە بتوانم کەسێکی تر بدۆزمەوە هەڵگری هەمان سیفەتی تۆ بێ.. کە بوومە پۆلی شەش ، چەندی کـردم و کۆشام دلم بەهیچ خۆش نەبوو، نەمدەتوانی تۆ لە دلم دەرکەم و ژیانم بە ئاقـارێکی دیکە ببەم، هەرنا بەدوای خوێندنەوە لەبیرتکـەم.. نـەمتوانی و هـەر ئـەو نەتوانینـە

وایکرد لە هەموو دەرسەکان بکەوم و نەتوانم بەشداری لە ئەزمونەکانی بەکەلۆری بکەم.. ئەو مانەوە کاری تێکردم، بەردەوام بە خەیاڵ بژیم تا یەك لە هاوڕێیە نزیکەکانم لە پشووی هاوین دا پەیتا پەیتا دەهاتە ماڵمان ، دەمێ دوان لە لام دەمایەوەو دووبەروو دادەنیشتین، هەمیشە هیوای لەناخم دەڕواند بەوە دڵی دەدامەوە کە دوای کڵاوی بابردوو نەکەوم و ئەوەی چوو چوو، ئەوەی بمێنێتەوە ئەوەیە بیر لە پاشەڕۆژم بکەمەوە.. قساکانی ئەو هاوڕێیەم کەمێ ناخی راتەکاندم، بەو ڕادەیەی نەك تەواو تۆ لە مێشکم دەرکەم، بەڵکو لەتەك ئەو بیرکردنەوەدا، بایەخ بەخوێندن بدەم و لاپەڕەیەکی تازە لەمێژووی خۆمدا هەڵبدەمەوە.. ئەوەبوو بۆ ساڵی داهاتوو لە تاقیکردنەوەکان دەرچوم و وائێستاش لێردم دەبینی.. جا ئەگەر لێم قەبوڵکەی لەم ئان وساتە زووتر نیە حەزدەکەم هەر ئەمشەو بێمە داخوازیت.

وتم: ئاااااخر..

پەنجەکانی دەستی راستی توند بەدەمیەوە گرت و زمانی هەڵێنا:

+ ئاخر و ماخری ناوێ.. من وەکو ئەو ساڵە لەخۆم ناکەم، ماڵی خۆم کاولکەم، چاوەڕوانی و چاوەڕوانی، ئەوجا هەواڵی شوکردنێکی ترت بزانمەوە.. خوا بەو ڕۆژە نەکات، بێشك ئەگەر نەمرم ، شێت بوونم مسۆگەرە.

دامە قاقای پێکەنین:

- خوا نەکا من شتێکم لێبێ بەس تۆ هیچت لێ نەیەت.. باشە کەیفی تۆیە، چۆنت پێ باشە من ڕێگر نیم.

شێرکۆ بەدەم زەردەخەنەیەکی دەستکردەوە:

+ کەیف کەیفی منبێ، نابێ قسە لە قسەم بکەی، هەر ئەمڕۆ ڕێوشوێنی پێویست دەگرمە بەر ، خوا موقەدەر نەدا ئەگەر ئەمشەو ڕێك نەکەوێ، بێ هیچ گومان و دوو دڵیەك سبەی شەو لەماڵتانین، بۆیەش حەزدەکەم لەم کارە پەلە بکەم، ئەگەر تۆ ببیە دەستگیرانم ترسم لەهیچ نامێنێ و تۆش و منیش هەچ کاتێمان پێ خۆشبوو پێش تەواوکردنی خوێندن یا دوای تەواوبوونی ، ئەوە دەتگوازمەوە، باشە گیانی من.

سەرم بۆ سەر سینگم شۆڕکردەوە:

- زۆر باشە.

ئەو ڕۆژە خۆشترین کاتەکانی تەمەنم بوو.. دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵ و باسکردنی لای ئامینەی باوەژنم.. ئامینە وتی:

- هەر ئێستا دەچمە لای باوکت و ڕێی بۆ خۆش دەکەم، ئەویش ڕازی بێ.

ئامینە منی بەجێ هێشت و خۆشم لە ژوورەوە کەوتمە چاوەڕوانی، ئاخۆ دەتوانێ ئەو متمانەیە لای باوکم پەیدا بکات ئەگەر ئەو ماڵە هاتنە پێش قسەیان نەشکێنێ و رازیبێ؟.. هەرواش دەرچوو، کاتێك ئامینە گەڕایەوە لام، لە دوورەوە بزەیەکی نایە سەر لێو و وتی:

- هەموو شتێك بەدڵی تۆیە، لە ئێستاوە پیرۆزە.

هەر بە غاردان بەرەو رووی رۆیشتم و لەخۆشیاندا پەلاماریم داو ئەملاو ئەولایم بۆ چەند جارێ ماچکرد و بە پێکەنینەوە:

+ سوپاست دەکەم دایەگیان، تۆ دایکی منی.

بۆ شەوێ لە دەرگای ماڵمان درا، باوك و دایك و هەردوو مامی شێرکۆ بوو.. باوکم لەبەر دڵی من، بێ ئەوەی لەژیانیدا ئەوانی بینیبێ و ناسیبێ، بەخێرهاتنێکی گەرمی کردن و ئامینەش هێندە بەرێزەوە چووە پێشوازییان، هەموویان بەو دیمەنە چاو ئەبڵەق بوون.. تاوێ دوان مانەوە، کە مەبەستی هاتنەکەیان لای باوکم درکاند، باوکم بەخۆشحاڵیەوە پێی وتن:

- کچم لە کوڕی ئێوە باشتر نادەمە کوڕی خەڵکی، گەر روخسەت بدەن رای کچە وەرگرم، گەر رازی بێ ، بەتەما نین تاسەر هەر لە ماڵێ بیهێڵینەوە.

لەجێوە باوکم هەڵساو هاتە لام ڕای من وەرگرێ، کە وتم:

+ باوکە وابزانم شێرکۆ کوڕێکی خراپ نیە،...

نەیهێشت قسەکەم تەواوکەم، وتی:

- تێگەیشتم.. تەواو.. تێگەیشتم.

گەڕایەوە لای میوانەکان و ڕازیبوونی من وخۆی ڕاگەیاندن.

بۆ شەوی داهاتوو مەلایان هێناو منیان لەشێرکۆ مارەکرد.. کاتێکیش خوێندنی ئەوساڵەمان تەواوکرد، لەپشووی هاویندا منی گواستەوەو ئاهەنگێکی خۆشمان گێڕا.

ئێستاش هەردوکمان مامۆستاین و ژیانێکی خۆش دەبەینە سەر، دوو کچ و کوڕێکمان هەیە، کچەکان یەکێکیانم بەناوی دایکم و ئەویتر بەناوی گەوهەری خوشکم ناو لێناوەو کوڕەکەشمان ناوی (هیوا)یە، ئەو هیوایەی دەمێك بوو خەوم پێوە دەبینی و خوا بەنسیبی کردم.

❁ ❁ ❁

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF



238 posts

19.2k followers

7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Ktebi_PDF


